# کورتەیەک لە مێژووی
# بزووتنەوەی خوێندکاران

# ﴿ کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاران ﴾

## نوسینی کیفی عبدالله فتح الله

( ٢٧٠٢ کوردی - ٢٠٠٢ زاینی )

# پێشەکی

لەدوای ڕاپەڕینی مەزنی باشوری کوردستان و هاتنە ئارای کەژێکی لە باری نیمچە ئارام - لێرەوە بەهۆی بوونی ئەو ئازادیەی فەراهەم بووە . ژمارەیەکی زۆر نووسین و بابەتی جۆراو جۆر لە مەڕ مێژووی بزوتنەوەی گەلی کوردستان هاتۆتە بلاوکردنەوەی کە هەندێکیان گێڕانەوە ( سرد ) ی کەسانی ناو بزوتنەوە کەن و هەشیانە لەڕێگەی سەرچاوەو بەدواگەڕان و بنج و بنەوانی ڕووداوەکانی بەرچاو خستووە .

بەلام ئەوەی جێگای داخە ، فەرامۆش کردنی زۆر لایەن هەیە کەتائێستا کەس خۆی لە قەرەی نەداوە جا لەبەر هەر هۆیەك بێت . دیارە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان وەك بزوانێکی نەتەوەیی و ڕزگاری نیشتمانی هەموو کۆمەلانی خەلکی کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانەوە ڕۆلی بەرچاویان تیادا هەبووە..چ لە ( خوێندکاران ، ئەفسەران ، جوتیاران ، ڕۆشنبیران ، کرێکاران ، ژنان .. هتد ) بۆیە دەکرێ و لەوەش زیاتر هەلدەگرێ گەر ئەمرۆ کەسەنتەرێکی تایبەت هەبێت بۆ نووسینەوەی نیو سەدەی خەباتی پڕ قوربانی خەلکی کوردستان لە پێناو بچوکترین داواکاری بۆ ژیانی سەربەست و ئازاد دا .. بەمەش دەتوانین لە هەموو لایەنێکەوە مێژووی ئەم قۆناغەی میللەتەکەمان ئەرشیف بەند بکەین و لەداهاتووش دا ئەوەکانمان بتوانن لایەنە شاراوەکانی هەم بزوتنەوەی گەلەکەیان و هەم مێژووی خۆیان لەبەر چاو بێت وبەمەش ناوی ئەو سەربازە وونانە بەشکۆمەندی بمێنێتەوە وەکە ڕۆلی بەرچاو و لەخۆ بوردوانە یان گێڕاوەو دیتوە..

ئەوەی لەم نووسینەی بەردەستان دەی خوێنێتەوە سەرەتایەك بەو

ئاقارەی کەبەشێکی مێژووی خەبات و بزوتنەوەی خوێندکارانی وەك تێزێکی دیار کەهاتۆتە مەیدانی خەبات و تێکەلاو بووە بەبزوتنەوەی ڕزگای خوازانەی گەلەکەی دیارە مێژووی سەرهەڵدانی خوێندکاران لەگەڵ پەیدابوونی خوێندنگاو قوتابخانەوە سەرهەڵدەدات کوردستان لەبەر ئەوەی لە بەرەبەیانی مێژوویەکی زووەوە وەك وولاتێکی کۆلۆنی و داگیرکراو لەلایەن دەرودراوسێ دەستی بەسەر داگیراوە لەڕوی فەرهەنگی و ڕووناکبیری تا کە پەناو دەروازەی حوجرەی مزگەوت . و فەقێ یایەتی بووە کەبەژیانی کوڵە مەرگی و گەڕان و سەرگەردانی بەدوا ی مامۆستا و زاناکان گەڕان شارو شارۆچکە و دێهاتیان کردووە وێرای ئەمەش لەگەڵ پەیدابوونی فەرمانڕەوایی خۆیی و میرنشینەکان میر و سەردارانی کوردیش هەڵساون بەدیاری کردن و دورست کردنی فێرگەی جیاجیا و دابینی مامۆستا و زانایانیان کردووە ، ئەمەش بەراکشاوی لە ئەمارەتەکانی ( بەهدینیان و سۆران و بابان وئەردلان ) دەبینرێ گرنیگی یەکی زۆری پێدراوە بە جۆرێك لە شوێنانی تر خەڵك ڕووی تێ کردوون ... بەلام دوای دابەش بوکوردستان و پارچە کردنی ئەم هەوڵانە بەرەو کزی و لاوازی چوون و جۆرەکانی بەتەنگ و بچووك بوونەوە و زۆر بۆ هێنانی لەشکری داگیرکەران و قات وقڕی وباجی زۆر و سوغرە پێکردن و بێکاری بووە مایەی ڕەنجی گەل و کەمتر ڕوو لە خوێندن [illegible]را ، بەلام وەنەبێش ئەمە بەتەواوی بەری خوێندن و ڕۆشنبیرکردنی هەموو گرتبێ ... دیارە هەر ئەم تەنگژەیەش بووە دەسپێکی وەچەرخانێکی نوێ بۆ بزوتنەوەیەکی خۆجێی فەقێ یان بۆ داخوازی ویستەتاییەتیەکانیان کەزۆری نەخایاند وەك لەکەرکوك سەری هەڵدا ... پاش ئەوەی کۆمەڵەی

مرۆڤایەتی وەچەرخانێکی نوێی دوای شەڕی جیهانی یەکەم بەخ
بینی و دەوڵەتی نەتەوایەتی دورست بوو هەستی نەتەوایەتی ود
ڕەوشەنبیری لەنێو خوێندەوارانی کوردیش گەشەو نمای کرد وبەرە
پەرەی سەند ... چ لە ڕێگەی ئەو خوێندکارانەی لەئەست
دەرچووبوون و چ ئەوانەی لەقوتابخانە تایبەتیەکانی عیراقی
سەردەمە دورست ببون .. بەمەش کرۆکی ئەو توێژەی کۆمەڵ چەک
کرد وو ، بەرەبەرە ڕوو لەزیادبوون و دورست بوون چوون لە
ساڵەکانی پەنجاکاندا بگرە زوتریش بەهۆی کاریگەری بزاو
دەوڵەتی و نەتەوەیی گەلان و شەڕی جیهانی دووەم گەلێك هۆکاری
و هزری تازە کاریگەریان لەسەر هەستی نەتەوایەتی گەلی کورددور
کرد و لە پێشەوەش توێژی ڕووناکبیران و خوێندکاران کەوتنە ژێر
کاریگەریە جیهانیە بۆیە بزاوتی رۆشنفکری و کۆمەلایەتی و سیاس
بەجۆرێك چەندان کۆمەڵە و حزب و ڕێکخراو لێرەو لەوێ لەنێو
( مەحفەلە ) دورست بوون کە ئامانجیان بۆ ئەو کاتە ڕەوتی بەرەو پێ
بردنی کۆمەڵ و ئازادی وسەربەستی بوو دوابەدوای ئەوەی شۆڕشی گە
کورد وەك سمبلی ئازادی خوازانە سەری هەڵدا .... خوێندکاران وێر
ئەوەی پەیوەندیان پێوە دەکرد و دەچوونە کۆڕی خەبات بەهەڵسان
کاری ڕێکخراوەیی و گۆش دانی خوێندکاران ، بەمەبەستی زیا
جەماوەری کردنی شۆڕشەکەو بەرەو پێش بردنی ئەمە نەك لە باشور
کوردستان بەڵکو لە پارچەکانی تری کوردستان یش هەمان گرو تین لـ
ژێر کاریگری ئەو بزاوتە ی باشور سەری هەڵدا ... ئەوەت
لەسەرەتاکانی حەفتاکاندا ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیرلە تورکیا دورست بوو

کەئەندامانی زۆر بەیان خوێندکاری زانکۆ بوون ئەمانە سەرچەندە لەڕێگەی بابەتی ڕووناکبیری یەوە چالاکیان ئەنجام دەدا ، بەلام ڕاستەوخۆ پڕاکتیزەی کارەکانیان خستە باشوری کوردستان و میتینگیان سازدا کە بەسەدان هەزار کۆدەبوونەوە کە بەمیتگی سەردەم ناوی دەرکردبوو ، بۆ داخوازی ڕەوشی چاکی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری کوردستانی تێدەکۆشان دەبێ ئەوەش بگوترێ زاناو شارەزای کورد ( ئیسماعیل بیشەکچی ) ئەوکاتەبەوڕەوشە دا بەشدار بوو بۆیەکەم جار کتێبی لەسەر کورد نووسی ئەم ڕێکخراوە ژمارەی ئەندامانی دەگەیشتە( ٢٠,٠٠٠ ) کەس . ئەمەو هەوڵی زۆری خوێندکاران تا دەهات زیاتر و بەرچاوتر دەبوو هاوشان و تەواو کاری ڕێکخراوەیی و حزب تێدەکۆشا ....ڕۆژانە ش لە ئەندامانی خۆی دەخستە ڕیزی پارت و ( هـ.پ ) بۆ خەباتی ڕاستەو خۆی گەلی کورد . دیارە لە ئەنجامی دەرئەنجامی بوونی پارتێکی تاقانە لەکوردستان ڕاستەوخۆ یەکیەتی قوتابیانی کوردستانیش وەك کارێکی باوی ئەو سەردەمە وابەستە بووبە پارتی دیموکراتی کوردستان یاخود حزبی بەرهەلست کار ئەو کاتە لەهەموو بوارەکانی دا دەکەوتە ژێر هەمان تەنگژەی ئەو حزبە توشی دەبوو بەمەش دواى شکستی ١٩٧٥ یەکێتی قەتابیانیش هەلوەشایەوە و کۆتایی بەکاری ڕێکخراوەیی خۆی هێنا .. لەگەڵ دەسپێکی شۆرشی نوێ ی گەلە کەمان هەر لەسەرەتاوە جارێکی تر زۆر لەو کادیرو ئەندامانەی نێو ئەو ڕێکخراوە هاتنەناو ڕیزی بزووتنەوەو مەیدانیان چۆڵ نەکرد ئەوەبوو هەرلە دوای بریسکی شۆرشی نوێی .. چەندان کۆبونەوە بۆ چوونی ئەوەها دروست بوو کە پێویستە خوێندکاران بەشێوەیەکی

کارامەتر و لەگەڵ واقعی ئەوکاتەی ناوچەکە بێنەو مەیدان و بێنەوەهەوێنی گڕش و جۆش دانی لاوان و خوێندکاران کەشار و شارۆچکەکانمان . بەو پێ یەی کەباسمان کرد بۆیەکەم جار بەیاننامەی یەکێتی خوێندکاران جاری سەری هەڵدا نی خۆی داو لەرێگەی دەستەو تاقم و پێشمەرگە سەرەتاییەکان خەتەرێکخراوەسیاسیەکانی ( ی.ن.ك ) بەیاننامەی دامەزراندنی ئەو رێکخراوەگەیشتە خوێندنگاو زانکۆکان .بەم جۆرە دەتوانم بڵێم یەکەم کەس کە بەیاننامەکەی گەیاندە لایئێمە ( کاك سامی قادر ) بوو کەگەیشتە دەتست هەڤالان ( شاسوار هەرشەمی ، شۆڕش ، شەمال عبدوڵلا ) لەوسەردەمەدا بەرێز ( کاك کۆسرەت ) لێپرسراوی رێکخستنی خوێندکاران بوو . گەرچی گەشە کردن وابەستە کرا بۆ بەچۆنایەتی ئەندامان و کاری نهێنی دەکرا ، بەلام توانرا لەهەموو ( خوێندنگاو ئامۆژگاو زانکۆکانی سلێمانی ، موصل، بغداد، هێڵی رێکخراوەیی ) دا بمەزرینین و خویندکاران لە ژێر ئالاکەیان کۆبکەنەوە بەمەش جاریکی تر بوونەوە بە جۆگەلەیەکی لەبن نەهاتووی دروست کردنی ئەندام و پیشمەرگە ی کارامە بۆ خەباتی رزگاری گەلەکەمان ، بەمەش جاریکی تر بە نەفسێکی تر خویندکاران لە گەڵ ئەو شۆرشە نوێ یەداهەنگاوی هەڵ هینا .. ئەم رێکخراوەش رۆڵێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی هەبوو بەتاییەت لە راپەرینەکانی سالانی ( ١٩٨٢ - ١٩٨٤ .. هتد ) کەبوە رابەر و بزوینەری ئەو خۆپیشاندان و گردبوونوە جەماوەریە ، بەلام دیارە مەخابن ئەم رێکخراوەش بە هۆی کارەساتی ئەنفال و پاشەکشەی ( ه.پ.ك ) لە سالانی ( ١٩٨٨ - ١٩٩١ ) ئە میش کەوت

پاشەکشەو دورکەوتنەوە لە مەیدانی چالاکی . پاش ڕا پەڕین هەر بۆماوەیەکی زۆر کورت گەلیك لە لاوان و خوێنکارانی شار و شارۆچکەکان کەوتنە جموجۆڵ و دروست کردنەوەی ڕێکخراوەیەك بۆ خۆیان .ئەو کاتە هەموو حیزبەکانی بەرەی کوردستانی لەهەوڵی ئەوەدابوون کە بتوانن ڕێکخراوی جیاجیا ی توێژەکانی کۆمەڵ لەژێر چاودێری خۆیان دورست بکەن . بەڵێ هەرئەو کاتە بە مەبەستی ئەو هەولانە بە کار گێڕ بکرێ کۆبوونەوەی جۆراو جۆر کرا . هەر لە سەردەمی بەڕێوەبردنی بەرەی کوردستانی لە شاری هەولێر ئێمە دەستەیەکی کەم لەهەڤالان .. هەڵساین بەدانانی بارەگای ڕێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکاران ولاوانی کوردستان توانیمان پەل و پۆ بۆ ناو خوێندنگائامادەیی و ئامۆژگاکان و زانکۆ بهاوێژین بەهۆی بوونی بۆشاییەکی گەورەیی ڕێکخراوەیی و کاری دابلۆسینەری ڕژێمی فاشی بەغدا. بۆیە بەسۆزو حەزێکی پڕ لە میهرەبانی بەرەو بیری ڕێکخراوە هاتن و لەماوەیەکی کورت دا تونرا لیژنەو دەستەی بەڕێوەبەری کۆلیژو ئامادەییەکان دروست بکەین و بچینە نێو ریزەکانی خوێندکاران .بەمەش توانیمان ئەواتی یەکەمین لقی فعلی لە کوردستان لە هەولێر دا بمەزرێنن ، کە بۆ ئەوەی بتوانین لەڕوو ی جێگاو شوێن و پێداویستی بارەگا دابین بکەین بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیمان بەبەڕێز ( کاك کۆسرەت ) کردو ئەو کورسی و مێزو ڕایەخی لقە کەمانی دابین کردو هەروەها سەیارەیەکی بۆڕا پەڕاندنی کارەکانمان پێداین دەبی ئەوەش لەیاد نەکرێ شەهید کویستانی و کاك شاخەوان ڕاستەوخۆ پەیوەندیمان لەگەڵیان هەبوو بۆ دابین کردنی و مشوری خواردنی کەموو

کورتیەکانی بەشە ناوخۆکان و دەسگیرۆی خوێندکارە نەدارەکان بەم
ئێمە توانیمان بۆ یەکەم جار بەفعلی لیژنەو دەستەمان لە نێو کۆلیژ
ئامادەیەکان هەبێت و خەباتی خوێندکاری بگەشێتەوە وە بۆ مێژوو ش
یەکەمین ڕۆژنامە یەك ژمارەی لە ژێر ناوی ( ڕاستی ) دەرکرا ، بەلام بە
هۆکاری سیاسی ئەوکاتی بەرەی کوردستانی مۆڵەتی پێ نەدرا ، دیارە
لەناوەڕۆکی بابەتەکانی هەستی پێدەکرێت .

ئەم نووسینەی بەردەستان لەم کەش و هەوایەدا مامۆستا ( کیفی عەبدولا فە تحولا ) کەکادیرێکی دێرینی یەکێتی خوێندکارانی کوردستانە ، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بوو ە ویستویەتی ئەو ڕاست و کارە نادیارانەی ئەو دۆست وهەڤالانە دیاری بکات کەئەوێ ڕۆژێ تێکۆشاون کەخوێندکاران لەنێو ڕێکخراوێك دا گرد بکەنەوە دیارە کاری ئەوها بیر تیژی و وردبینی دەوی .. نابێ لەو کەم و کوڕیانە گەرهەبێت . دلگران بین ، هیوادارم ئەم بابەتە بێتە دەرگایەك بۆ نووسینەوەی ئەو چەندان سالەی خەباتی بزوتنەوەی خوێندکاری لە کوردستانی باشور و هیوای سەرکەوتنیش بۆ کاك ( کەیفی ) دەخوازم کەلەم دەرگایەی داو ئەو بابەتەی وروژاند ، بەئومێدی زانیاری و سەرچاوەی زیاتر بدۆزێتەوە بتوانێ گەشە بەو پڕۆژەیەی بدات لەداهاتوو .

«مەجید هەرشەمی»

# پێشــــکەشـــە

بەگیانی زیندووی باوکم ،
کەرەچەشکێنی خوێندنمان بوو
بۆ تەواوکردنی خوێندن
بۆ بیری کوردایەتی
بۆ دامەزراندنی خوێندنگا لەگوندەکەمان
گوندی ئیلنجاغی گەورە
وەپێشــــکەشـــە
بەبرای خۆشەویست وون بووم
کاکە ئاشور عبدالله گۆران و سەرجەم خوێندکارە شەهیدەکان
کەخۆیان کردە مۆمی هلگیرساوی نەتەوەکەیان .
ساڵی ٢٧٠٢ کوردی بەرامبەر ٢٠٠٢ زاینی

﴿نووسینی -کیفی عبدالله فتح الله﴾

# سالآنی زوو باری خوێندن لە کوردستان

سەرەتاکانی زوو بەر ـە سالآنی ۱۷۰۰ - ۱۸۹۰ خوێندن لەسوختەخانە (حجرە) ی مزگەوتەکان بوو کەتیای دا دەرسی ئاینی و زانستە جۆراو جۆرەکان دەخوێنرا و بەرەو بە ئەدەبیاتیش دەدرا ، ئەو کاتە زمانی عەربی زمانی سەرەکی بابەتەکان و زمانی فارسی یش بۆ شارەزابوون لە ئەدەبیاتی فارسی دەخوێنرا و بەلآم بەرێژەیەکی کەمتر .هەندی لەومزگەوتانە ژووری خوێندن و نوستنیان لە یەکتر جیا بوو ، هەندێکیشیان سوختەخانەی تیابوو ، ئەو مەلایانەی کەدەرسیان بە مندالآن دەگوت و پێشیان دەگوتن مامۆستا زۆریان مەلای تەواو نەبوون ، هەندێکیان سوختەخانەیان لەماڵەوە دانابوو لەزستان و هاوینانیش لە ژێرکە پرو حەوشەوسا پیتە دەرسیان دەدا .....

گەر بگەرێینەوە سەر مێژینەی رۆشنبیری میر نشینەکان زۆر بە راشکاوی خوێندنگا ئاینی یە کان باس دەکرێت . لەسالآنی ۱۸۸۰ عوسمانیەکان وەك چۆن لە بەغدا و موسل خوێندنگایان کردەوە لە باشوری کوردستان بەتایبەتی لە کەرکوك وسلیمانی وکۆیەش خوێندنگایان کردەوە . بەلآم ئەمە زۆری نەبردووە داخرا تا سالی (۱۸۹۰) کردنەوەی ئەم خوێندنگایانە ئەو کاتە زیاتر بۆ مندالآنی مەنمورەکان و دەرەجەدارەکانی سەربازیەکانی عوسمانی و سەرۆك عەشیرەتەکان بوو .

هەربۆیەش دەبێ لەدرێژەی باسەکەمان ئەولایەنە بەرچاوە لەیاد نەکەین کەئەوکاتەی بزاڤی خوێندکاری تێکەل بەهەستی نەتەوایەتی

ویست وخواستەکانی فەقێیەکانی کوردستان بۆتەوە یەکەم
وەچەرخانی بزاڤی فەقێ یان کەسەری هەڵداوە ...

(( کورتەیەك لەمێژووی بزاڤی خوێندکاران / کوردستانی عێراق ))

سەرەتای جولانەوەی خوێندکاران و بەرەو بەرێکخراو بوونیان : لە عێراق و کوردستان بە پێی سەرهەڵدانی بزوتنەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی پاشایەتی و مەلەکیەتی عیراق . واتە مێژووە کەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کاتێ فەقێیان لەحوجرەکان قورئانی پیرۆزو ئەحمدی گولستان و (( فتح القريب )) یان دەخوێند ختمیان دەکردبەلام لەو ئان وساتە دا نەیان توانیوە لەچوارچیوەی یەك ڕێکخراو دا کۆببنەوە شکستی سەرنەکەوتنی ڕێکخراوی فەقێ یان دەگەڕێتەوە

بۆ چەند هۆکارێك :-

یەکەم : نەبوونی سەرچاوەی بژێوی ڕۆژانە و پشت بەستنیان لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەی کە لێی دەژیان .

دووەم : بەکارهێنانی ئامرازی سەرکوت کردن و فەلاقە کردنیان بەحەیزەران و وە رووخاندنیان لەبارەی دەرونی یەوە .

سێیەم : کەمی مەلای زاناو دوانزە علم لەناو چەجیاجیا کان و ناچاری کۆچ کردنی فەقێ یان بۆ شوێنی دوورە دەست .

چوارەم : دابین نەکردنی پێداویستیە کانی خوێندن و چەند هۆکارێکی تر کەبونە هۆی سستی گەشەنەکردنی ڕێکخراوی فەقێ یان .

کۆمەڵەی هێڤی خوێندکارانی کورد (( کورد طلبە هیوی جمعیتی ))
ئەم کۆمەڵەیە لە ئەستەمبول بەدەست پێشخەری ( قەدری جمیل پاشا
عومەری برای و فوئاد تەمو و جەراح زادە زەکی )
خوێندکارانی ئامۆژای کشتوکاڵی ( حلقەی ۲۷ ی تموزی ۱۹۱۲ ) بە
پاڵپشتی خەلیل خەیالی ( ژمێریاری ئامۆژگاکە ) دامەزرێنرا .
سکرتێری کاتی عومەر جمیل پاشا بوو ، لەناو یدا خلیل خەیالی ، اکر
جمیل پاشا وممدوح سلیم کمال فوزی ، وەهبی ، نجم الدین حسن
کرکوکی ، عبدالعزیز بابانی سلیمانی ، شفیق ئاراواسی ، عبدالرحیم
رحیمی هەکاری ، مستەفا شوقی مەهابادی ، کۆمەڵێکی تر تیادا ئەندام
بوون کەدکتۆر مهدی سەگبان هاوکاری کردوون .یەکەم کۆنگرەیەیا
لەساڵی ( ۱۹۱۳ ) دا سازکردووە کە ممدوح سلیم بووە بەیەکەم سکرتێر
هەر ئەم ساڵەش لقێکی لە لۆزان کردۆتەوە بەلام بەهەڵایسانی یەکەم
جەنگی جیهانی یەکەم لەچالاکی کەوت . چونکە ئەندامانی زۆر
را پێچەکی شەرکران ، لە سایەی ( کۆمەڵەی تعالی کوردستان لەخولێکی
نوێ دا هێڤی تازە کرایەوە و چالاکی دەست پێکرد .سەرۆکی ئەوکاتەی
کە ( سەبری ) ناوێك بوو وە کۆنگرەی دووەمی خۆی لە ( ۱۹۲۱ ) بەست ،
هێڤی لەوکاتەدا گۆڤارێکی بەناوی ( ڕۆژی کورد ) دەردەکرد کەدواتر
بەناوی ( هەتاوی کورد ) درێژەی پێدراوە . لەسەرەتای دامەزراندنی
دەوڵەتی عیراق لەساڵی ۱۹۲۰-۱۹۲۱ دانانی عبدالرحمن نقیب
چەسپاندنی ڕژێمی مەلەکیەت و دانانی مەلیك فیصل لەلایەن
بەریتانیاوکۆلۆنی کردنی دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ،

چەسپاندنی سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆیان لەناوچەکەو ژێر پێ خستنی مافی کەمەنەتەوەکان لەم ناوچەیەدا .هەڵوێستی خوێندکاران و ڕوشنفکران لە ژێر پەردەدا هەبوو ئەو خوێندکارە کوردانەی لەدەرەوەی وولات بوون . چ ئەوانەی لەژێر کاریگەری هەستی نەتەوایەتی وە چ ئەوانەی لەژێر کاریگەری بنەماڵەی بدرخانیەکان و شۆرش و سەرهەڵ دانەکانی شێخ عبیداللەی نهری و شێخ سعید پیران و ڕاپەڕینەکانی تر دابوون ، خوێندکاران هەڵوێستی داهێنانی نوێ و ڕۆشنفکری کۆمەڵ بوون. خوێندکارانی کورد لەو کاتە دا بیریان لە ڕێکخراوێکی ( نقابە ) کردەوە بەلام هەلی وایان بۆ نەڕەخسا کارێکی وا بکەن خوێندکاران لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە. لەسەردەمی لکاندنی ولایەتی موصلّ بە عیراق ١٩٢٦ ڕۆڵی خوێندکارانی کورد وهەستی نەتەوایەتی شەقلی تایبەتی بەخۆوە گرت .هەرچەند لەوکاتەدا ڕۆڵی ئاغا و شێخ ودەرەبەگەکان زاڵ بوو بەسەر هەموو هەستێکی تر جگە لە هەندێك لەکوردەنەتەوە پەرستەکان نەبێت. خوێندکارو ڕۆشنبیران بەلکاندنی ولایەتی موصل حەزەرو ئامادەبوونیان هەبوو ، بەلام گەلی کورد ئەوکات بیریان لەمەسەلە چارەنووس سازەکان نەدە کردەوە. ٤ ئاداری /١٩٣٥ دامەزراندنی یانەی سەرۆك سمکۆی شکاك خوێندکارانی کورد نەك هەر داوای کیان و سەربەخۆی خۆیان دەکرد بەلکو داوای دەولەتی کورد دەکەن بەتێڕوانینی ڕژێمی مەلەکیەت و حکومەتی یاسین هاشمی لەلا پەڕە شاراوەکانی ژیانی پڕلە هەوڵ وکۆششی خوالی خۆش بوو مامۆستا ئیبراهیم احمد لەسەرزاری بەڕێز دکتۆر کمال مەزهەر کەباسی هەولێکی

خوالێخۆش بوو دەگات لەناوەڕاستی سیەکاندا بەمەبەستی دامەزراندنی یانەیەك بەناوی سەرکردە سمکۆ شکاك کەمامۆستائیبراهیم احمد خاوەنی پێشنیاری پرۆژەکەو هێزی بزوێنەری ئەم دەستەیە بوو زنجیرەیەك کۆبونەوە لەگەڵ کۆمەڵێك ڕوناکبیری تر بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدات کەبریتین لە :ـ ١ - شازل تالەبانی ٢- عارف تالەبانی ٣- شاکر فتاح ٤- بهاالدین عارف کەئەمانە لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم احمد خوێندکاری کۆلیژی یاسابوون لەزانکۆی بەغدا :ـ
عبدالرحمن عبدالله ، شێخ ڕۆوف شێخ احمد کەیەکەمیان خوێندکاری کۆلیژی پزیشکی و دووەمیان خوێندکار بووە لەفێرگەی ئەمریکی لەبەغدا . لە ٤/ئاداری ساڵی ١٩٣٥ ئەم حەوت زاتە وەك دەستەی دامەزرێنەرداوایەکی رەسمی بۆ وەزیری کارو باری ناوخۆی ئەوسا / عبدالعزیز القصاب بەرز دەکەنەوە بۆ وەرگرتنی ئیجازەی یانەکە ، وەزارەتی ناوخۆ لەسەر ئەم پێشنیارە سەری ئەسوڕمێت ١٢ ڕۆژ دوای پێش کەش کردنی داواکە یاسین هاشمی سەرۆك وەزیرانی ئەوسای عیراق کابینەی نوێ دادەمەزرێنێ ، رشید عالی گیلانی بەوەزیری ناوخۆ دادەنرێ .وەزارەتی ناوخۆ لەسەر ئەم داوایە دەکەوێتەسۆراخی هەرحەوتیان کەزانیاریان لەسەر کۆبکرێتەوە لە ٢٦ ی هەمان مانگ وەلامیان دەدرێتەوە کەهیچ شتێکی وەهای تیانەبووە . وەلە دەقی نووسراوە کەداهاتووە دەڵێ دوای لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەندامانی یانەی سمکۆ شکاك دەرکەوت کەئەم مەرجە یاساییانەی تێدایە کە لە بەندی شەشەمی یاسای دامەزراندنی ( جمعیات ) دیاری کردوون ، بەلام هەرهەموویان

لاوی سەرگەرمن ولە کوردایەتی خوێن گەرمن ، ئەمانە لەوانەن کەکورد هاندەدەن بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردی. ساڵی ١٩٣٧ پاش شەهید کردنی بکر صدقی عسکری سەرکردەی مێژوو بزری نەتەوە پەروەری کورد بەدەستی عەرەبە توندڕەوە نەتەوەپەرستەکان . رۆشنبیران و خوێندکارانی کورد پاش بیستنی ئەم هەواڵە کەوتنە دامەزراندنی کۆمەڵەی تۆڵە لەشارەکانی سلێمانی و کەرکوك وهەولێر و خانقین ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن توێژێکی ڕوناك بیرو نوخبەی کۆمەڵ بوون . کە کەخوێندکاران ڕێخۆشکەرو دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیەبوون . بەلام حکومەتی مەلەکیەت بە سەرۆکایەتی جمیل مدفعی وملك غازی بەدەستی تاقمە بەکرێگیراوەکانی خۆیان زوو ئەم کۆمەڵەیەتاواندەوە .کۆمەڵەی تۆڵە لەدژی تورك و عەرەبە توندڕەوەکان بوو واتە دژی بکوژانی بکرصدقی عسکری .

ڕاپەڕینەمێژووینەکەی شاری سلێمانی لەساڵی ١٩٣٠ ڕاپەڕینی شاری سلێمانی دەکەینە بەڵگەی دەستمان هەرچەندە ئەوڕا پەڕینە لەلایەن پاڵەو جوتیار وکرێکارانەوە کرا بەلام خوێندکاران ڕۆڵی سەرەکیان بینی لەڕووی ڕێکخستن و بەئاکام گەیاندنی مەرامی ڕاپەڕینەکە ، خوێندکاران بۆ ئەودەمە ئەوەندەنەبوون کەلەڕێکخراوێکی خاوەن کیان بەرجەستەدایەك بووبن بەلام هەستی یەك ئامانجی یەك پیشەیی وای لێکردون کە بیر لە یەك بوون بکەنەوە .

پاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٣٩ - ١٩٤٥ .

سسەرکەوتنی وولاتانی هاو پەیمان بەسەر نازیەت و فاشیەتدا کەش وهەوای لەباری بۆ لەدایك بوونی دیموکراسیەت سازش بوو . شەپۆلی دیموکراتیەت سەرا پای جیهانی گرتەوە ئەو دەمەش خوێندکاران لەڕوی خۆ ڕشنبیرکردنەوە وهەلوێستومرگرتن سەنگ و کێشی چاکیان پەیدا کرد.

کۆماری مهاباد سالی ١٩٤٦ :

کاریگەری تەواوی بۆ سەرخوێندکاران هەبوو لەبەر ئەم خالانەی خوارەوە : -

ا- ناردنی خوێندکارانی کورد بۆ زانکۆ کانی یەکیتی شورەوی / دەورەی جەنگ

ب- پشتگیری گەشی کۆمارەکە لەهەمووکوردەکانی باشوری کوردستان و پارچەکانی تر هەرچەندە تەمەنی کۆمارە کە زۆر کورت بوو بەلام دەوری بەرچاوی هەبوو لەبوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی وهەست کردن بەکێشەی چینایەتی ونەتەوایەتی: سالی ١٩٤٧ دامەزراندنی کۆمەلەی پێشکەوتنی خوێندەواری:-

کەبە *K-P-X* ئاماژەیان بۆ دەکرد :-

ئەم ڕێکخراوە لەسەردستی بەڕێز مام جلال ودوو خوێندکاری تر لەشاری کۆیە سەری هەلدا هەرچەندە ئەم ڕێخراوە ناوچەیی بوو بەلام کاریگەرو دەوری باشی دیت لە قۆناغەکانی خوێندەواری ، چەندین خوێندکار لەدەوری کۆبونەوە وچالاکی جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا وهەولی پەلهاویشتنیان دا بەلام وەك پێویست ئەوکات گەشەی نەکرد .

دامەزراندنی یەکێتی گشتی قوتابیانی عراق لەساڵی ١٩٤٨ و ڕۆڵی خوێندکارانی کورد لەدامەزراندنی دا :-
بەڕێز مام جلال یەکەم نوێنەری شاری کۆیە بوو بۆ یەکەم کۆنگرەی یەکێتیگشتی قوتابیانی عیراق واتە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو هەرلەم کۆنگریەش بەڕێز مام جلال بە ئەندامی احتیاط دەرچوو حیدر حمد امین خەڵکی شاری هەولێر بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەرچوو لە ( یەکیتی گشتی قوتابیانی عیراق ) . خوالێخۆش بوو عومەر دەبابەڕێبەری خوێندکارانی سەربە پارتی بوو ، ماوەی پالاوتنی نەبوو چونکە ئەندامی کۆنگرەنەبوو ئەگینادەرەچوو . خوێندکارانی کورد لەیەکەم کۆنگرەی یەکیتی گشتی قوتابیانی عیراق ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو بەتایبەتیبەڕێزان مام جلال وعومەر دەبابە زۆر هەوڵیان دا بۆ چەسپاندنی مافەکانی خوێندکارانی کوردستان وسەلماندنی بەشێوەیەکی تایبەت بەڕێکخستنی خوێندکاران لەچوارچیوەی یەکیتی گشتی قوتابیانی عیراق . بەڕێز مام جلال لەکۆنگرەی یەکەمی گشتی قوتابیانی عیراق بەتەمەن بچوکترین ئەندام بوو ووتووێژی توند یشی لەکۆنگرە هەبوو جیالەهەموان وەهەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیبوە وەك خۆی دەگێرێتەوە ئەوکات زمانی عەرەبی یشی باش نەزانیوە و ئەگینا زیاتر مافەکانی خوێندکارانی کوردی پێ دەسەلما ندن . هەرچەندە لەناو کۆنگرەش بەکۆی گشتی ئەندامانی ڕێزو تەقدیریان بۆ داناوە بەلاًم عەرەبە نەتەوەپەرستەکان لە هەستی وی باش گەیشتبون ئەمەش خالێکی گرنگ بوو نەبووە

ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکیتی گشتی قوتابیانی عێراق بۆ یە
بەئەندامی احتیاگ دەرچوو لە ساڵی ١٩٤٨ شاری بەغدا بووە ناوەندی
چالاکی خوێندکارانی عیراق بەکوردستانیشەوە :-
هەرلە ساڵی ١٩٤٨ خوێندکارانی کورد / چەندین چالاکی و پاشان
خۆپیشاندانی خوێندکاران روویان دا خوێندکارانی کوردو عەرەب و کەمە
نەتەوایەتیەکان بەهۆی بوونی چالاکی سیاسیان بوونە هۆی رووخانی
وەزارەتی صالح جبر . خوێندکارانی کورد - عەرەب
کەمەنەتەوایەتیەکان زۆربەی ڕۆژنامەکانی عیراق ( الوطن ) ( الاساس )
( الفرار ) کاتێك کەڕێکەوتنی صالح جەبر لەگەڵ بریطانیا بلاوبۆوە
دەستیان کرد بەخۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایی لەدژی ئەم ڕێککەوتن
نامەیە چونکە حکومەتی صالح جەبر دەیویست گەلی عیراق بەکۆت و
زنجیری ئیستیعماری بەریتانی ببەستێتەوە بەبێ ئارەزووی گەلی عیراق
، خوێندکارانی کوردستان لەم ڕۆژەدا لەزۆربەی شاردکاندا
خۆپیشاندانێکی گەورەیان بەرپاکرد بەتایبەتی خوێندکارانی کۆیە
گەورەترین خۆپیشاندانیان کرد بەحوکمی ئەوەی ڕێبەرو سەرپەرشتیکار
لەلایەن بەڕێز مام جەلال بوو . هەرچەندە ئەوکات بەڕێز مام جەلال
وەك خوێندکاری خوالێ خۆشبوو عومەر مستەفابوو بەتەمەنیش زۆر
بچوك بوو خوالێ خۆشبوو عومەردەبابە لەو ڕۆژەدا دەورێکی گەورەی بینی
بریندارکرا لە بەغدا : ساڵی ١٩٤٨ لەبزاڤی ڕزگاریخوازی خوێندکارانی
کورد و عەرەب و سەرجەم کەمەنەتەوەکانی تری گەلانی عیراق بەڕۆژێکی
مێژوویی پرشنگدار دەژمێردرێت لە بەر ئەم خالانەی خوارەوە :

أ- خوێندکارانی کوردو عەرەب و سەرجەم کەمەنەتەوایەتیەکانی تری عێراق بەشداریان کرد لەڕوخاندنی حکومەتی صالح جەبر (معاهەدەی پۆرتشماوث) دژی بەریتانیا .

ب- خوێندکارانی کوردو عەرەب بەیەکەوە تێدەکۆشان دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی .

ج- خوێندکارانی کوردو عەرەب بۆماوەی پێنج ساڵ لەناو یەك ڕێکخراوی سەرتاسەری کاریان دەکرد .

د- خوێندکارانی کوردو عەرەب تائەوکات هەستێکی نێونەتەوییان هەبوو .

هەرچەندە زۆر کەموکوڕیو نابەرامبەری هەبوو نەتەوەپەرستەکانی عەرەب بەڕێبەری حیزبی ئیستیقلال دەستیان کردبوو بەدژایەتی کردنی بەرەی دیموکرات و کوردەکان بۆیە هەر لەم ساڵەشدا لەناو خوێندکاران دوو بەرە دروست بوو هەرچەندە هەندێك نابەرامبەری و کەموکوڕی هەبوو بەلام هەر لەم ساڵەدا واتە ساڵی ١٩٤٨ شەپۆلی ڕاپەڕین و خۆپیشاندان لەلایەن خوێندکارانەوە کارێکی وای کرد کەبیر لەچۆنیەتی پێك هێنانی ڕێکخراوێك بکەنەوە کەتوێژی خوێندکاران ڕێك بخات وەداکۆکی لەمافە ڕەواکانیان بکات : لە ١٤ ی نیسانی هەمان ساڵ نوێنەرانی خوێندکارانی عێراق بەکوردستانیشەوە بەشداری کۆنگرەی ( السباع ) ی بەغدایان کردووە وەبڕیاری دامەزراندنی یەکێتیەکی خوێندکارانی دا لەژێر ناوی یەکێتی گشتی قوتابیانی عیراق بەم جۆرە یەکەم ڕێکخراوی خوێندکاری هاتە دامەزراندن . کۆبوونەوە لەناو یەك یەکێتی خوێندکاران لەعێراق

دەگەڕێتەوە بۆ بەشداربوونی خوێندکارانی کورد لە ڕا پەڕین و خۆپیشاندانی گۆڕەپانی سیاسی عیراق و دژبە ڕژێمەکانی ئەو سەردەمە کەدژی ویست و ئارەزووەکانی گەلی عیراق بوون ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر:

١. زاڵبوونی بیروبۆچوونی (ئوممەیەت) بەسەر خوێندکاران و لاوانی کورد.
٢. خەفەکردنی بیروبۆچوونی نەتەوەیی.
٣. جیاوازی نەکردن لەنێوان خوێندکارانی کوردو خوێندکارانی عەرەب ئەوەبوو خوێندکاری کوردو عەرەب توانیان بۆماوەی پێنج ساڵ کاری جدیو عەمەلی بکەن.

***یەکێتی گشتی قوتابیانی عیراق لەکاتی دامەزراندنیدا:***

لیژنەی تحضیری یەکێتی گشتی قوتابیانی عیراق بریاری دا / لقی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دا بمەزرێنێت بۆ سەرپەرشتی کاروباری خوێندکارانی کوردستان پاش ماوەیەك ئەم ناوە گۆڕا بۆ لیژنەی کاروباری قوتابیانی کوردستان. بەڕێزان مام جەلال - حیلمی شەریف - حەیدەر هەولێری یەکەم لیژنەی ئامادەکردنی یەکەم کۆنگرەی خوێندکاران بوون لەساڵی ١٩٥٣ دا: پاش پێنج ساڵ کارکردنی خوێندکارانی کوردو عەرەب - جیابوونەوەی خوێندکارانی کورد لە ڕێکخراوی یەکێتی گشتی قوتابیانی عیراق :- لەکۆنگرەی (٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دا داوای کرد بۆ توندوتۆڵ کردنی سەرکردایەتی پارتی و جەماوەر بۆیە پارتی داوای کرد کەڕێکخراوەکانی لاوان -

قوتابیان - ئافرەتان دا بمەزرێنێت . ئەوەبوو خوێندکارانی کورد لەرۆژی / ١٨ / شوباتی ١٩٥٣ کۆنگرەی دامەزراندنی بەبەشداری ژمارەیەك لە خوێندکاران لەشاری بەغدا لە ماڵی کوردێکی فەیلی بەسترا .هەرلەم کۆبونەوەیەدا بەڕێز ( احمد عبدالله ) کرا بەیەکەم سەرۆکی ڕێکخراوی خوێندکارانی کوردستان و هەڤاڵ مام جلال یش بەسکرتێر هەڵبژێردرا . خاڵی سەرەکی دروست کردنی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لێك جیابوونەوە لەیەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق .هەستیان دەکرد ئەو ڕێکخراوە عیراقیە گوزارش لەکێشەو گیروگرفتەکانی خوێندکارانی کورد ناکات وەلە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی خوێندکارانی کورد سەنگ ودەنگی تایبەتیان هەبێت وەهەستیان کرد ئەو ڕێکخراوە ی کە کاری تێدەکەن گوزارش لەئاما نجەکانیان ناکات.

نمونەیەك لەچالاکیەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
کە بەمانگرتنی مانگی ( ٧ ) ساڵی ١٩٥٣ ی بەردەم سەرای کەرکوك ناسراوە :-

خوێندکاران خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازدا ونزیکەی ( ٧٠ ) فەقێ لەگەڵ زۆربەی خوێندکارانی شاری کەرکوك کۆدەبنەوە و یاداشتێك بەئیمزای هەموویان پێشکەش بەبەڕێوەبەری پۆلیس دەکەن ،

گرنگترین خاڵی یاداشت نامەکە :-

١- کردنەوەی خوێندنگا لەشارو ناوچەکانی کوردستان بەڕەسمی .
٢- یارمەتی دانی خوێندکارە فەقێ کان بەڕەسمی .

٣- چاوپۆشی کردن و لێبوردنی فەقێ کان لەسەربازی .
٤- جیاوازی نەکردنی خوێندکارانی کورد وناردنیان بۆ دەرەوەی وولات .
٥- دەستنیشان کردن و دامەزراندنی مامۆستای کارامەبۆ ووتنەوەی دەرسەکان .

دوای چەند ڕۆژێك مناگرتن لەلایەن بەڕێوەبەری پۆلیس هەڕەشەی گرتن و لەسێدارە دان لەئەنجامدا چەند فەقێیەك گیران : لەمانە
١- محمد محمدامین ٢- صدیق عبدالله ٣- ئەحمەد قەرە وەیسی
خۆپێشاندان بەردەوام بوو تا هەندێك لە ئامانجەکانیان پێکا .

ڕێکەوتن نامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠:

لە پاش بەیانامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەسەربنەمای سێ یەك بە پێی ڕێکەوتنی کورد - عەرەب دەبوو سەرۆك عەرەب جێگری سەرۆك کورد بووایە ئەوەبوو کریم مولا سەرۆك عادل موراد جێگری بوو تاساڵی ١٩٧٥ یەکێتی قوتابیان بۆ دوای چەندین ساڵ کارکردن لە پێناوی ئامانجە خوێندکاری وڕۆشنبیری و کەلتوریەکان وە بە پێی سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری دەکرد بۆیە لەدرێژەی تەمەنی دا چەندین جار توشی نوشست و هەڵچون وداچون بووە لەگەڵ شکستەکەی ساڵی ١٩٧٥ ی شۆرشیمیللەتەکەمان ئەویش شکستی هێنا . بۆیە لەگەل چەخماخەی شۆڕشی نوێ گەلەکەمان لەساڵی ١٩٧٦ بەرابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بیری هاتنە کایەی یەکێتی یەکی خوێندکاری لەلای پێشرەوانی شۆرش سەری هەڵدا لە ٢٦ /٤/ ١٩٧٦ دوای چەندین کۆبونەوە بڕیاری دامەزراندنی (( یەکێتی خوێندکارانی

شۆرشگێڕی کوردستان )) ی عێراق دەرچوو ، پاش ماوەیەك كاركردن
لەژێر ئەم ناوە وشەی شۆرشگێر هەڵگیرا بەبڕیاری بەڕێز مام جلال
چونکە خوێندکاران ئەوەنین کەچینێك بن بەڵکو توێژێکی کۆمەڵن
.یەکێتی خوێندکارانی کوردستان لەدرێژەی خەباتی دا ( ٣ ) کۆنفرانسی
بەستووە : -

١- کۆنفرانسی یەکەم : ٥ /٩/ ١٩٧٨ لەژێر دورشمی خوێندکاران جۆگەلەیەکی ڕۆشنبیرن بۆ شۆرشی نیشتمانی دیموکراسی لە کوردستاندا بەلاّم لەبەرنامەی پەسەندکراوی توشی چەندەها هەڵەو کەموکورتی هاتن بۆیە لە ١٩٨٠/٣/٣ کۆبونەوەی بە پەلە بەسترا بەلاّم نەتوانرا چارەسەری کێشەو گرفتەکان بکرێت .

٢- کۆنفرانسی دووەم : لە ٢٤ -٢٥ / ٦ / ١٩٨٢ لەگوندێکی نزیك قەلاّدزێ بەسترا ساڵی ١٩٨٢ یەکێتی خوێندکاران لە ڕا پەڕینەکانی گوروتینێکی زۆری بەخەڵکی کوردستان دا بەتاییەتی خوێندکاران لەڕێگەی دەنگی گەلی کوردستان بەیاننامەو ڕێبازی خوێندکاران ڕێکخستنی خوێندکاران ناو شار یەکێتی خوێندکارا ... ەم ساڵدا توانی ڕۆڵی بەرچاوو دیار بنوێنێ لەناو جەماوەر کۆمەڵدا .

٣- کۆنفررانسی سێیەم ( ی. خ.ك. ع ) : - وەك ئەوەی کەلە پەیڕەوی پڕۆگرامی کۆنفرانسی خۆیگرێبیدات ئەمەوەك پەیڕەو کردن پەیڕەوەکە خاڵێکی گرێدانی کۆنفرانس بوو سەرەڕای ئەوەی کەساڵی ١٩٨٤ ساڵی گفت وگۆی نێوان (ی.ن.ك ) حکومەتی عێراق بوو ئیتر بابەتەکانی ئەوگفتوگۆیە بوبونە خاڵێکی گرنگ لەلای

برادەرانی ئەنجومەنیسەرکردایەتی ( ی. خ .ك ) ئەم خاڵـەش وەك خاڵێکی گرنگی خۆی هەبوو بۆ یە بەستنی کۆنفرانـس و وە هـەروەها نیـازی کشـانەوەی سـەرجەم برادەرانـی ئەنجومـەن کـە پێش وەخـت بڕیاریان لەسـەر دابـوو ئـەمیش خـاڵێکی تـر بـوو لەگـەڵ چـەندین هۆکاری تـر بوونـە هـۆی زەرورەتـی گرێدانـی کۆنفرانسـی سێیەمی (ی.خ.ك ع ) دەسـتی پێکـرد لـەژێر دورشمـی(( بـەرەو پتـەوکردنی ریزەکـانی یـەکێتیمان وەگەشـە پێدانی خـەبا تمان وەگرێدانـی خەبا تمان بەخەباتی راستەقینەی سـەرجەم جـەماوەری کوردسـتان ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بەشداری کۆنفرانسەکە بوون :-

١- د. عصـام : وەك لێپرسـراوی لقـی موصـل هـەم وەك سـکرتێری (ی.خ.ك.ع ) نـاوبراو خەڵکی کەرکوك بـوو وەخوێندکـاری کۆلیـژی پزیشـکی موصل بـوو کەخزمـەتێکی زۆری بـەریزی خوێندکـاران گەیاندووە لەسەرەتـایی گەشەکردنی چالاکیەکانی (ی.خ.ك.ع ) .

٢- صباح نـاسراو بـەجوتیـار / لێپرسـراوی لقـی هـەولێری (ی.خ.ك. ) ناوبراو خەڵکی کەرکوك بووە خوێندکاری کۆلیـژی کشـتوکاڵی بـوو لەئـاسکی کەڵەك .

٣- عزالدیـن حمیـد (کرێکـار ) : لێپرسـراوە لقـی کـەرکوك بـووە خوێندکاری کۆلیژی پەروەردەبووە لەزانکۆی صلاح الددین.

٤- ئازاد نـاوی نهێنیبوو لێپرسراوی لقی سلێمانی بوو .

٥- شوان بـادینی هەم پێشـمەرگەی بـارەگـا بـوو لەبـالیسـان هـەم وەك لێپرسراوی لقی دهۆك بوو .

بارەگای ڕۆشنبیری ڕاگەیاندن لەگوندی بالیسان کە ' کهاتبوو لـەم بەڕێزانە کەدەوری کادیری چالاکیان هەبوو .

١- سامان سەمەد : لێپرسراوی بارەگا .
٢- عبدالرحمن ( ئاوات ) کادیر .
٣- شوان بادینی کادیر .

ئەوانەی وەك ئەندامی لقی شارەکان بەشداریان لە کۆنفرانسـەکەدا کـرد کـەس کەسـی نـە دەناسـی بۆیەهـەموو ناوەکـان نـەزنراوە ، کۆنفرانـس لەعەسـرەکەی هـەمان ڕۆژ دا دەسـتی پێکـرد کەئـەوڕۆژە ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو لەگوندی ( خەتێ ) ی دۆڵی خۆشـناوەتی لـەناو خوێندنگاکەی ئەو گوندە بەڕێز مام جلال لەبەر سەرقاڵی بۆی نەکرا ئامـادەی کۆنفرانسـەکەبێ بـەلام بەنامـ ـەك بەشـداری کۆنفرانسـەکەی کـردو تـەواوی پشـتیوانی خـۆی لـە یـەکێتی خوێندکاران و کۆنفرانسەکە دەربڕی ئەوانـەی کـە بەنامـە بەشداری کۆنفرانسی سێ داکردبوو پێشەوا تاڵەبانی ( د. کمال خۆشـناو بـوو ) کۆنفرانسەکە بەخوێندنەوەی ناوەکان دەستی پێکرد و وە کۆنفرانـس سـێ شـەوو ڕۆژی خایـاندو تیـایدا ڕاپۆرتـەکان ئەنجومـەنی سەرکردایەتی و لقـەکان خوێندرایـەوە وەتـاوتوێکردن و مناقسـە ی زۆریـان لەسـەرکـرا پیاچونـەوەو مناقەشـەکردنی پـەیڕەو پڕۆگرام خاڵێکی تری ئەرکەکانی کۆنفرانس بوو بەهـەمان شێوە مناقەشـەی یـەك بەیـەکی خـاڵ وبـەندەکانی کـراو لەشـکل وشـێوەی تـازەوە سـەرلەنوێ پـەیڕەوو پڕۆگـرام داڕێژرایـەوە دواهـەنگاوەکانی

کۆنفرانس مەسەلەی هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی (ی.خ.ك.ع) هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کەدیار بوو برادەرانی کۆن هەمەهانگێکیان پێك هێنابوو تا هیچیان خۆیان هەڵنەبژێرن بۆ یەزۆر زوو ئەم کۆمەڵیە بەکۆنفرانسەکەیان ڕاگەیاند بەداوای لێبوردنەوە کە ئێمە خۆمان هەڵنابژێرینەوە بەڵکو وەك ئەندامێکی سادە لەناو یەکێتی خوێندکاران دەمێنینەوە بۆیە ئەنجومن جێدەهێڵین بۆکەسانی تازە وەکێ خۆی هەڵدەبژێری ئازادە ئەندا نمانی کۆنفرانس هەموو پێیان باش بوو هەرئەوان بن . چونکە کەسانی زۆر زیرەك و لێوەشاوە بوون بەلام بێ سوود بوو بەڵنیان دا کە نزیك ببنەوە هاوکار بن بەلام ناتوان خۆیان هەڵبژێرنەوە لەبەرسەر قاڵیان بە خویندن و کۆمەڵێ هۆی تر پاش بریاری یەکجارەکی هەڵبژاردنی ئەندامان ئەنجومەنی کۆن ئینجا دەستنیشانی ئەوانە کران کە خۆیان هەڵدەبژێرن لەسەر ئاستی لقەکان . لقی کەرکوك دەستنیشان کران دوو خوێندکار هەڵبژاردران بە ناوی ( سمکۆ محمد شوان ) ناوی نهێنی شاهۆ کە پاشان بوە سکرتێری یەکێتی خوێندکارانی کوردستان تا ساڵی ١٩٨٦ خوێندکار فاضل عوثمان- خوێندکاری کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی بەغدا بوو پرۆسەی هەڵبژاردن بەم ئەنجامانەی خوارەوە کۆتایی پێهات :

١ - سمکۆ محمد شوان بە ناوی نهێنی شاهۆ دەرچوو بەلێپرساوی لقی کەرکوك .

٢- سیروان خوێندکاری ئامادەیی رزگاری هەولێر بوو، دەرچوو بە لێپرسراوی لقی هەولێر .

٣- احمد محمد بەناوی نهێنی رەئووف دەرچوو بە لێپرسراوی لقی سلێمانی .

٤- لێپرسراوی لقی موصل خوێندکارێکی خەڵکی قەڵادزێ بوو بەداخەوەناوی نەزانراوە .

٥- شوان بادینی وەك پێشو لێپرسراوی لقی دهۆك مایەوە . بەم شێوەیە کۆنفرانس لەشەوێکی درەنگ کۆتایی پێهات ، هەندێ وردە کێشە لەناو کۆنفرانسەکەهەبوو بەلام نەبووە مایەی سەرسوڕمان و پرسیار تەنهایەك سەرسوڕمان ڕویدا ئەویش ئەوەبوو ماوەیەکی زۆر دوای کۆنفرانس برادەرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆن بە پێچەوانەی بەڵێنەکانیان وازهێنانێکی ( استیقاله ) ی چەند لا پەڕەیان بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی نوێ ی ( ی.خ.ك. ) نارد . ئەم کارە بەنسبەت سەرکردایەتی نوێ ی یەکێتی خوێندکاران کارێکی زۆر ناخۆش بوو چونکە ئەم دەستەیە چاوەڕێی هاوکاری ویارمەتیان دەکرد بەلام وادەرنەچوو . دوای کۆنفرانس ئەوانەی بەنهێنی بەشداریان کرد بوو لەهەڵبژاردن دەرچوون خۆیان ئاشکراکرد و ( قناع ) و سەرپۆش فڕێ درا وبەدەم و چاوی یەکتر ئاشنا بوون گفتوگۆ لەسەر کاری داهاتو کرا وەهەندێکیشیان بەرەو شارەکانی خۆیان گەڕانەوە . هەرکەس لەشوێنی خۆی دەست بکات بەکاری ڕێکخستن و ڕێکخستنی خوێندکاران لەسەرجەم شارو

شـارۆچكەكانى كوردســـتان .وەبڕيــاردرا لەماوەيــەكى كــەميش ئەنجومەنى كـۆن ڕێكخستنەكانى خۆيـان تەسليم بكـەن هەركەسە سەربەلقى خۆى ، چەند ڕۆژێك پاش كۆنفرانس دەبوو سمكۆ محمد و احمد محمد ( رنووف ) ئامادەبن بەهاوكارى پێشمەرگەكانى بارەگـا كە پێشتر ئامانژەمان بۆ كردبوو هـەوڵبدەن مسوەدەى بلاغـى كۆتـايى كۆنفرانس بەبەياننامەى تـاييەت بۆ كۆنگرەش ڕێكبخـەن و بيدەنـە چاپ كردن وهەردووكيان زۆر چالاكانــە كارەكانيــان جىٚبـەجىٚكرد . هەموو ئەندامانى هەڵبژێردراو ئامادەبوون و كەوتنە تاوتوىٚ كـردن و چۆنيــەتى بەســـتنەوەى ڕێكخســـتنەكان و هەڵســـەنگاندنيان هــەروەها بەرنامــە دارشــتن بـۆ كــارى ئـايندە ى ئەنجومــەنى سەركردايەتى هەر لەو كۆبونەوەدا هەموو ئەندامانى دمرچوو پێيــان بـاش بوو سمكۆ شوانى بە لێپرسراو دابـنرىٚ وەهاوكـارى تەواويشى دەكـرىٚ ئــەوتـا ســالى ١٩٨٦ ئەنجومــەنى ســـەركردايەتى نــوى خوێندكاران دەستەى سكرتاريەتى نوىٚ چالاكان وبوێرانە كارەكـانى خۆيان ئــەنجام دا .ئـەوە تـاسالى ١٩٨٦ بـەلاَم لـەم سـالەدا دەست لەچالاكيـەكانيان هـەلگيرا تەنـها كـارى نـهێنى يــاخود كارەكــان بەشێوەيەكى نـهێنى ئـەنجام دەدرا بـۆ ئـەوەى خوێندكـارانى كـورد توشـى گرتـن و كوشـتن و هەڕەشـە لێكـردن نەبنـەوە چونكەسـالانى ١٩٨٦ بەدواوە سالى هەڕەشەكردن و لەناو بردنى گەلى كورد بـوو لـە كوردسـتانى بـاشور يـەكێتى خوێندكـاران لەسـالانى ١٩٧٦ - ١٩٨٤ وەك سكرتێر و سـەرۆك كـارى نـەكردووە بــەلكو وەك ليژنەيـەكى

تحضيرى كارى كردوه ليژنەى سەرەتايى ( ى.خ.ك. ) بەهۆى بەيانامەى دامەزراندنەوى كاك كۆسرەت دەستپێشخەرى بوو.

**كۆمەڵەى خوێندكارانى كورد لە ئەوروپا :**

لەسەرەتاى ساڵى چلەكاندا چەندين لاوى خوێن گەرمى كورد لەهەموو پارچەكانى كوردستان روويان كردە ئەروپا ، ديارە كۆچ كردنى ئەو لاوەخوێن گەرمانە گەلێك هۆى هەبوو لەتەنيشت هەموويانەوە سياسەتى توانەوەى نەتەوەيى گەلى كورد بوو لەهەرچوار پارچەى كوردستان سەرەڕاى بارى ناهەموارى بەتايبەتى لەباكورو باشورى كوردستان ئەولاوەخوێن گەرمانە بە پێويستيان زانى رێكخراو يێك دورست بكەن ، ئاوات و ئامانجەكانيان كۆبكاتەوە بۆيە بۆ يەكەم جار دامەزراندنى (( كۆمەڵەى رۆشەنبيرى خوێندكارانى كورد لە ئەوروپا )) يان راگەياند ئەمەش لە كۆبونەوەيەك بوو لە شارى ( فيڕباون ) ى ئەڵمانيا گيرا لە نێوان رۆژانى ١٠ - ١٦ ئابى ١٩٥٦ لەم كۆبونەوەيەدا ( ١٧ ) گەنجى دڵسۆزى كورد ئامادەبوون .لەئابى ١٩٥٨ ناوى ئەم كۆمەڵەيە گۆڕا بوو بەكۆمەڵەى خوێندكارانى كورد لەئەوروپا • كۆمەڵە ئۆرگانێكى هەبوو بەناوى (( كوردستان )) سەرەڕاى زمانى كوردى بەچەند زمانێكى ترى بێگانە دەردەچوو وە لە ساڵى شەستەكان گۆڤارێكى زانستى بەناوى (( پرشەنگ )) دەركرد • يەكەم يەككرتنى كۆمەڵە لەنێوان ١٩- ١٩٨٨/٨/٢٨ لەبەرلينى رۆژئاوا گيرا كۆمەڵە تا ئێستا ( ١٩ ) كۆنگرەى بەستووە ، دواى شكست هێنانى شۆڕشى ئەيلوول چەند ناوەندێكى

خوێندکاران لەئەوروپا هاتە مەیدان ، هەریەك لەم ناوەندانە سەر بە حیزب و ڕێکخراوێك بوون ، .تا یەکەم کۆنگرەی یەکگرتنی ناوەندە ڕێکخراو یەکان چەند جار هەوڵدرا ئەم ناوەندانە ببن بەیەك بەلاّم وادیاربوو بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی خرابوونە سەر بەرژەوەندی بالاّی گەلی کوردستان.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا چەند ناوەندێکی هەبوو :-

١- ناوەندێك لە براغ هەبوو .

٢- ناوەندێك لەبەرلینی ڕۆژ ئاوا هەبوو : بێجگە لەمانە چەند ناوەندێکی تر هەبوو وەك :-

١- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا .

٢- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی نیشتمان .

٣- کۆمەڵەی خوێندکارانی سۆشیالیستی کوردستان لە ئەوروپا.

٤- کۆمەڵەی خوێندکارانی ئازادی خوازی کورد لە ئەوروپا هەموو ئەوناوەندانەش لە ئەڵمانیا بوون . لەڕاستی دا هەریەك لەوناوەندانە بە پێی هێزو توانا توانای خۆی خزمەتی باشیان بەگەلی کوردو بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکەی گەلەکەمان گەیاندوە توانویانە کێشەی ڕەوای گەلی کورد بەئەوروپاوجیهان بناسێنن .کۆمەڵەی خوێندکاران لەئەوروپا پاش یەکگرتنی بەرەی کوردستانی لە ١٩٨٨/٥/١٥ ئەوانیش یەکەم کۆنگرەی یەکگرتوی خۆیان بەست لەبەرلینی ڕۆژئاوادا ئەمە هەنگاوێکی زۆر باش بوو .کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ بووە ئەندامی

یەکێتی قوتابیانی جیهان ناوەندی ئەم یەکێتی یە لەبراغ بوو پایتەختی ئێستای چیك .کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەدمرەوە لەهەموو ولاتەکانی ئەورپا لقی هەبوو لەهەمووکارەساتە دڵتەزێنەکانی کوردستانی ١٩٧٥ -١٩٨٨ -١٩٩٦ هەوڵی کۆمەك ویارمەتی داوە یاداشت نامەی داوەتە جیهان وئاگاداری کردونەتەوە

دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاران ولاوانی کوردستان لەباشوری کوردستان لەژێر چەمکی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

یەکەم : بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ولاوانی کوردستان بەر لەڕا پەرین لەزۆر بەی ناوچەکانی باشوری کوردستان لەئارادابوو واتەسلێمانی، کەرکوك ، هەولێر ، دهۆك هەروەها ناوچەکانی سۆران و پشدەر .

دووەم : زانکۆی صلاح الدین کۆلێژی ئەدەبیات هۆڵی( کامەران موکری ) بەلانەی لەدایك بوونی کۆمەڵەی خوێندکارانی ولاوانی کوردستان دادەنرێت چونکە یەکەم کۆبوونەوە لەم هۆڵەدابوو بەشێوەیەکی پارێزراو بەحوکمی ئەوەی هەندێك لە پرۆفیسۆرو ئوستازەکانی زانکۆی صلاح الدین عطفی کۆمەڵەی خوێندکارانی ئەوروپایان هەبوو هاوکاریان کردین هەندێك لەمامۆستاکانی تر ڕێخۆشکەر بوون، ئەم کۆبوونەوەیە لەناوەڕاستی مانگی ( ٣ ) دابوو ئامادەبوانی ئەم کۆبوونەوەیە : کیفی عبدالله فتح اللە، مجید هەرشەمی ، ئاشور عبدالله ، رفیق کاولانی ، عباس مستەفا ، قادر نادر قادر وە چەند

برادەرێکـــی تـــر بـــوون .هـــەندێك بڕیـــاری گرنـــگ درا واتـــا کارێگریەتیکۆمەڵەی خوێندکارانی ئەوروپازۆر بوو لـە سـەرهەڵدان ودورست بوونی رێکخراوەکەمان لە باشەوری کوردستان .

سێیەم : بڕیاردرا ٣/٢١ ببێتە رۆژێکی پرشنگدار لەبزاڤی خوێندکارانی کوردستانی باشور ئەوەبوو ١٩٩٢ - ١٩٩٣ لەم رۆژەدا یادی دەکرایەوە .

چوارەم : ٢٧-٢٨ /١٩٩١/٧/ بەسەرپەرشتیشـەهیدی سـەرکردە حسـن کوێستانی ، ئازاد جندیانی لە فندقی سیاحی شەقلاوە کۆبونەوەیەکی فراوان کرا نوێنەری هەندێك لـە ناوچـەکانی کوردسـتان تیا بـوو بـەلام وەك پێویست کارەکانی پێنەکرا هەرچەندە هـەولێکی گرنـگ بـوو بـەلام هەموو بەئەگـەری مانـەوە نـە لیژنـەی تحضیری دانـرا وەنـە بەرنامـە و پەیرەوێك دارێژرابەتەواوی.

پێنجەم : دانانی لیژنەی تحضیری :

لیژنەی تحضیری بۆ بڕیـار دان لە پـەیرەو پڕۆگرام دانـانی بەرنامـەی نوێ ی لەناوەراستی مـانگی ( ١١ ) لەشـاری هـەولێری دێریـن بەسـترا لـەبارەگای لقـی هـەولێری کۆمەڵـەی خوێندکـارانی کوردسـان بەئامادەبوونی هەڤالان مجید هەرشەمی ، کیفـی عبدالله وەك هـەولێر ،کمال فندی ، زانا محمـود ، سلێمانی رزگـار شێرکۆ ، حـەوزی سۆران ، مهدی احمد ، ئامێدی ، دهۆك .

ئەم لیژنەیە کەچەند رۆژێکی خایاند کارەکانی سەرکەوتوانە ئە نجام دا لەبەرهـەندێ هـۆی ناوچەگـەری هـەندێك کۆسـپ دروسـت بـوو بەهەرشێوەیەك هەموو بڕیارەکان جێبەجێ کرا .

شەشەم : دانانی لیژنەی بالای هاوکاری خوێندکاران وقوتابیانی کوردستان :- لەمانگی (١١) ی ساڵی ١٩٩٢ لیژنەی بالای خوێندکاران وقوتابیانی کوردستان ڕاگەیاندرا بەئامادەبوونی هەموو ڕێکخراوە پیشەیی یەکانی کوردستان لەژێر سێبەری بەری کوردستانی .

حەوتەم :- کۆمەڵەی خوێندکاران لەسەرەتایی دامەزراندنی بەناوی جۆراو جۆر کاریان دەکرد : بەشێکی بەناوی کۆمەڵەی خوێندکاران و بەشێکیان بەناوی کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی و بەشێك بەناوی یەکێتی خوێندکاران و هەرچەندە بڕیارەکانی لیژنەی تحضیری کۆتایی بەم کێشانە هێنا کەبەڕێز کاك کۆسرەت رسول علی سەرپەرشتی دەکرد .

هەشتەم :- سەرەتایی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاران کوردستان زۆر بارەگای بێسەرو بەری هەبوو لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا .

هەرلەشاری هەولێر (٣) بارەگای هەبوو یەك لەخانووی حاجی محمودسێبیرانی - یەك لەکۆمیتەی دوو لەغورفەیەك - یەك لەکۆمیتەی شەش ویەك لەبارەگای ئیتحادی کۆن لەسەر ڕێگای کەرکوك کۆمەڵەی خوێندکاران ولاوانی کوردستان / لەسەرەتایی دامەزراندنی تووشی گەلێك کێشە هات ومزۆر کاری گرنگی ئەنجام دا :-

لەبەرواری ١٩٩١/٧/١٧ را پەڕینی خوێندکارانی هەولێر دەستی پێکرد کۆمەڵەی خوێندکاران بۆ بەردەم پارێزگای

هەولێر :- کەڕاستەو خۆ لیژنەی بالای کۆمەڵەی خوێندکاران کوردستان سەرپەرشتی دەکرد .

یەکەم : نووسینی چەند بەیاننامەی مێژووی ،

بەیاننامەی یەکەم :لەسەر دابڕاوەکان کاریشی بۆ کرا .
بەیاننامەی دووەم : لەسەر هەڵبژاردنی سەرتاسەری .
بەیاننامەی سێیەم : بۆسەرجەم خوێندکاران لەئامادەیی تا زانک
بۆچوونە ریزی کۆمەڵەی خوێندکاران کوردستان .
دووەم :دانانی لیژنەیەك لەهەموو شارەکان بۆ جێبەجێ کردنی
خوێندکارە دابڕاوەکان .
سێیەم : بڕیاری رێکخراوی سەرتاسەری درا .
چوارەم : لەسەرتا دا هەوڵ درا لق لەهەموو شوێنەکانی تری کوردستا
بکەینەوە ئەگەر بەنهێنیش بێت جگە لەباشوری کوردستان .
پێنجەم : دەرکردنی ٣٦٠٠٠ ناسنامە ( هویە ) ناردنی ودابەش کردنی
بەسەر سەرجەم خوێندکارانی کورد لەهەر شوێنێك بێت وە ئەو کوردانە
کەلەژێر دەستی داگیر کەران دابوون .
شەشەم : هەوڵدرا گرنگی تایبەتی بدرێت بەخوێندکارانی کو
لەسنجارو کەرکوك وموصل وشێخان و زمار وتەلعەفەر .
حەوتەم : هەوڵدرا پەیوەندی بکرێت بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە
ئەوروپا .
هەشتەم : کاری گرنگ کرا بۆ ناسینی رێکخراوەکەمان لەگەڵ رێکخراو
یونسکۆ ویونسیف .بەلام جێ بەجێکردنی کارە کە بەئەگەری مایەو
لەسەرەتادا .
نۆیەم : توانیمان هەڵبژاردنی سەرتاسەری ئەنجام بدەین / سەرێ
بکەوین بەرێژەیەکی زۆر باش .

دەیەم : توانیمان لەلیژنەی بالاّ هاوکاری وشەی خوێندکار بە پێش وشەی قوتابی بخەین .

یانزەم : سالّی ١٩٩٢ خوێندکاران ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی مانگرتنیاندەکرد لەسەر جەم ناوچەکانی کوردستان .

دوانزە : لەهەلّبژاردنی سالّی ١٩٩٢ خوێندکاران دەوری کاریگەریان بینی بەهەموو شێوەیەك .

سیانزەم : شوێنی حەوانەوەی خوێندکارە هەژارەکا نمان کردەوە .

چواردەم : دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کۆمەلّەی خوێندکاران ولاوانی کوردستان بەناوی ( ڕاستی ).

یەکەم شەهیدی سەرکردەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ١-شەهید احمد عبدالله سەرۆکی یەکەم یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو ٢- شەهید مامون دباغ ٣- شەهید صدیق پێنجوێنی ٤- هیوا عبدالغفور ٥- حەمە صالح حسام ٦- برهان شاسوار ٧- شەهید ئارام خوالێخۆش بوو عمر مستەفا جگە لەهەڤالّی بەڕێز مام جلال کەئێستا لەکۆڕی خەبات دایە.تێبینی ئەوشەهیدانەی کە باسم کردوون لەکاری ڕێکخراوەیی خزمەتی زۆریان کردوە بەلاّم پاش خزمەت کردن چوینە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەهید کران .

ڕۆلّی ئەوسەرکردەو کادیرانەی کەلەکۆڕی خەبات دان کەخزمەتی زۆری یەکێتی خوێندکارانی کوردستانیان کردووە .

١- بەڕێز مام جلال

٢- بەڕێز کۆسرەت رسول علی

لەگەلّ چەند ڕێبوارێکی تری ئەم ڕێگایە پیرۆزە .

(( ڕۆڵی خوێندکاران لەکاری سیاسی وفەرهەنگی ))

ساڵی ١٩٣٩ حزبی هیوا لەسەر پاشماوەی کۆمەڵی (دارکەر ) دامەزرا لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە چەند بیر و ڕای جیاواز هەیە. مامۆستا کریم زەندی پێی وایە کۆمەڵی( دار کەر )لەکەرکوك دروست بووە بەلام مامۆستا فیصل دباغ لەیاداشتنامەکانی صالح حیدری لەزاری مستەفا عوزێری کەیەکێ بووە لەدامەزراندنی دارکەر دەڵێت : ڕێکخراوەکە لەشاری هەولێر دروست بوو کە پێك هاتبوون لە کۆمەڵە خوێندکارێك لەناوەندی وئامادەیی بوون وەك ( یونس رۆوف دلدار ، موسی عبدالصمد ، اسحاق حاجی ، احمد باخچەچی ، دواتر رفیق حلمی هاتەناویان و بوو بەسەرۆك وحزبی هیواشی دامەزراند .لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت گەر ڕێکخراوەکە لەهەرکوێیەك دروست بووبی بەلام بەرچاوی ئەو کاتەی خوێندکارانی تیا دیارو بەرچاوە وتاکە هەوێنی دروست بوونی یشی بووە خوێندکاران لەم ساڵانەوبەدواوەش لەگەلێك کاری سیاسی وروناکبیری دا هەولی بەرچاو ودیاریان هەبووە وەلە نەورۆزی ساڵی ١٩٣٠ لەچەمچەماڵ بەسەر پەرشتی قائمقام صالح زکی ئاهەنگێك بەرێوە چووە ووتاریش لەلایەن کچانی خوێندکار خوێنراوەتەوە .

دیارە هەرخوێندکارانیش ڕێچکە شکێن بوون بۆ بلاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی لە و پێومدانگەش دا دەتوانین بلێن بۆیەکەم جار دیوانی ڕێبەری بیری نەتەوایەتی خوازی کورد ( حاجی قادری کۆیی ) پاش کۆکردنەوەی لەلایەن شارمزایانی شیعرەکانی شاعیر بەتایبەتی

مامۆستامەلا ئەسعەدەکەرە و وەهاب ئاغای حوێزی وسمایل ئاغای غفوری لەڕێگای مامۆستا علی ناردووە بۆ خوێندکار عبدالرحمن سعید . کەئەمەش بوە هۆکاری چەکەرە کردنی بیری نەتەوایەتی لەنێو خوێندکارانی کوردستان . دوابەدوای ئەمانەش لەسالانی شۆڕشی رزگاری گەلی کورد خوێندکارا نمان بەهەموو تین و تەوژمێك بوونە لەمپەرو خولقێنەری بیری رزگاری‌خوازیو هەوێنی کارو چالاکی سیاسیانە چ لەناو کوردستان چ لەدمرەوەی ولات . لە سالی١٩٦٣ لە گەرمەی شۆرش و خەبات دا نزیکەی (٩٠ ) خوێندکاری کورد لەزانکۆکانی مسردرێژەیان بەخوێندن دا لەروی پەیوەست بونی‌نەوخوێندکارانە لەگەلْ بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردو راوەستانیان بەرامبەر شالاوی سوتماك کردنی‌شارو گوندی کوردستان لەسەردەمی دەسەلاتی عارف دا لە عێراق ئەم کۆمەلە خوێندکارە لە نێو ئەلقەیەکی پەیوەست بوون بەداکۆکی لەکێشەی کورد کاریان دەکرد کە دکتۆر فوئاد معصوم ئەوکاتە نوێنەری پارتی بوو سەرپەرشتی دەکردن .گەلێك جاریش عصمت شریف وانلی سیاسە... ەداری کوردی سەردان و کۆبوونەوەی لەگەلْ دەکردن هەر بەهەولْ وتێکۆشانی ئەوانیشەوەبوو کەماوەیەك پەخشی رادیۆی کوردی لە قاهیرە دامزرا توانیان کە هەموو ئەوکەسانەی کوردن لەم ولاتە و خوێندکارانیش کۆبکاتەوە و گەلێك جارانیش لەنێو بەرنامەکانیاندا بەبیری کوردایەتی و کورد پەروەری کاری دەکرد و کارمەندانی ئەو ئیزگەیەش هەرهەموویان خوێندکار بوون ئەمەش وای کردبوو کەنەك رژێمی عێراق

بەلکو رژێمی تورکیاشی نیگەران بکات چەندین هەوڵ و کۆششیان کرد بۆداخستنی ئەو پەخشە کوردیە .
یەکەم چالاکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەباشوری کوردستان و بەرلەبەیانامەی دروست بوون و ئاشکراکردنی بەم ناوە لەباشوری کوردستان . کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان جگە لە ئەنجامدانی دەیان و سەدان چالاکی لە ئەوروپا تادامەزراندنی رێکخراوی سەرتاسەری لەکوردستانی باشوردا بەم ناوە چونکە خەباتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان خەباتی رەوای سەرجەم خوێندکارانی کوردستان بووە وەخەباتی هەڵقوڵاو داهێنانی خوێندکارانی کوردستان بووە . بۆیە کۆمەڵە بەرلەرا پەرین چەندین بەرنامەی جۆراوجۆری دارشتوە یەکەم بەرنامەی پاراستنی زانکۆی صەلاحەددین و سەرجەم خوێندنگاکانی کوردستان بوو هەرلەزاخۆ تا خانەقین .بەرنامەی پاراستنی زانکۆی صەلاحەددین و سەرجەم خوێندنگاکانی کوردستان ئەرکی سەرەکی کۆمەڵە بوو بۆیە بەرنامەکە بەم جۆرە دارێژرا . دامەزراندنی لیژنەیەکی بالا کەلەم بەرێزانە پێك هاتبوو:
د. ولی محمود شێخانی. کیفی عبداللە فتح اللە. مجید هەرشەمی .عباس مستەفا .رفیق کاولانی . ئاشور عبداللە .صالح کلسەیی.
ئەم لیژنە یە کارەکانی دابەش کرد وە دانانی لیژنەی سەرجەم زانکۆ و ئامۆژگاکان بەشێوەیەکی تایبەتی وە پاراستنی سەرجەم خوێندنگاکانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی جگە لەم لیژنەیە زۆر مامۆستا و خوێندکاری دڵسۆزیش بەبێ هیچ ئاگاداریەك ئەرکی

پاراستنیان خستبووەئەستۆی خۆیان بەڵام بەکۆی گشتی دۆست و لایەنگری ڕێکخراوەکەی ئێمە بوو.

١- کۆلیژی ئەدەبیات / ڕاستەو خۆ لەلایەن لیژنەی باڵای پاراستنی زانکۆو خوێندنگاکان سەرپەرشتی دەکرا چونکە زۆر بەی ئەندامانی لیژنەی باڵا خوێندکار بوون لەو کۆلیژە .

٢- کۆلیژی بەڕێوەبردن وئابووری / لەلایەن لیژنەی باڵا سەرپەرشتی دەکرا چونکە چەند ئەندامێك لە لیژنەی باڵا خوێندکاری ئەم کۆلیژە بوون .

٣- کۆلیژی پەروەردە ئەندامانی لیژنەی پاراستنی کۆلیژەکە لەم بەڕێزانە پێك هاتبون :

زەفەر بابا صالح شێخانی . یوسف هەولێری .ڕەشێد هەولێری لەگەڵ چەند خوێندکارو مامۆستا یەکی تر .ڕاستەوخۆ د. ولی سەرپەرشتی پاراستنی دەکرد .

١- کۆلیژی ماف / صالح کلێسەیی، شەهید موفق رسول کەرکوکی ، سلام کەلاری ، هیمداد مجید علی .

٢- کۆلیژی ئەندازیاری / محمد فقی. وریا مەلا قادر خۆشناو. نەبەز یوسف. شەماڵ قادر لەك.

٣- کۆلیژی پەروەردەی ومرزش / کارزان وهاب حکیم و چەند خوێندکارایك سەرپەرشتیان دەکرد .

٤- کۆلیژی پزیشکی لەلایەن لیژنەی باڵاو مامۆستا عباس و محمد عوسمان سەرپەرشتیان دەکرا .

٥- كۆليژى زانيارى / ماكۆك محمد ، جيهاد رمزا ، سەركەوت رسول رەواندزى .

ئەم ليژنەيەچەند رۆژێك بەرلەڕا پەڕين ئامادە كرا هەريەك لەلاى خۆى هەندێك برادەريان ئامادەكرد هەندێك لەئەندامان لەرۆژى ڕا پەڕين ئامادەنەبوون وەئەوانەى ئامادەبوون دەورى بەرچاو وكارى گەريان هەبوو هەردوو پەيمانگاى مەڵبەندى مامۆستايان وخانەى لەلايەن ليژنەى بالا ڕاسپێردرا بۆ سەرپەرشتى كردن و پاراستنى زانكۆو سەرجەم كۆليژەكان و پەرتوك خانەى كۆليژەكان و پەرتوك خانەى گشتى چاپخانەى زانكۆو ڕۆلى بەرچاوى ئەم مامۆستا بەڕێزانەش هەرگيز لەياد ناكرى .خواليخۆش بوو دكتۆر فازل قفتان . دكتۆر محمد خالص .دكتۆر محمد سابير .دكتۆر ولى محمود شێخانى .مامۆستا رۆستم عزت تاهر .مامۆستا كاكە خان نصرالدين .

ستار گەردى .نابێ ڕۆلى دكتۆرو پرۆفيسۆرو سەر جەم مامۆستاكانى زانكۆى صلاح الدين و فەرمانبەر و كارمەندان لەياد بكرێ لەكاتى پاراستنى پەرتوك خانەى زانكۆ شوێنەگشتى يەكانى زانكۆ يان پاراستوە و خزمەتيان كردووە ئەو مامۆستا بەرێزانەى كەناوم هێناوو ن زۆربەيان بەبێ لەبەر چاو گرتنى كارى حزبى و رێكخراوەيى وەك كوردێكى دلسۆز ئەركى پاراستنى زانكۆى صلاح الدين خستبووە ئەستۆى خۆيان .داواى لێبوردن لەو دەكەم لەهەر مامۆستا يەكى بەرێز كەناوم لەياد نەبووبێ ياخود هەڵەم لەناوەكەى كردبێ .

**هەندێك لەكێشە سەرەتا ییەكانی كۆمەڵەی خوێندكاران و لاوانی كوردستان كە لەسەرەتای دامزراندندا توشی هات ؟**

لەسەرەتای دامەزراندنی ( ك .خ . ل . ك ) گەلێك كێشەو گیرو گرفت روبەروی كارەكا نمان دەبونەوە لەبەر چەند خاڵێك :

١-كەمی كادیری پیشەیی لە زۆربەی شوێنەكانی كاركرد نمان واتە پارێزگاكان ،قەزاكان ،ناحیەكان ،ئۆردوگاكان . لە پارێزگاكان بەشێكی زۆری ئەو خوێندكارانەی كەلەدەوری رێكخراودكان كۆبوبونەوە كادیرمان بەو جۆرە نەبوو بۆیە لەزۆر روان توشی گیروگرفت دەهاتین وەلە قەزاو ناحیەو ئۆردوگاكانیش بەهەمان شێوە لەزۆر شوێن خوێندكارێكی شارەزانەبوو یەكێكی بەلاوە بەهەر شێوەك بوایە سەرپەرشتی خوێندكارانی دەكرد لەزۆركاتدا توشی كێشەی زۆر دەهاتین چونكە چینەكان تێكەڵ بوویون . خوێندكار . لاوان . مامۆستا . فەرمانبەر.

٢- نەبونی سەرچاوەیەكی بژێوی ژیان كەبتوانین كارەكا نمان پێ جێبە جێ بكەین كادیرەكا نمان لە هیچ شوێنێك یارمەتی رەسمیان نەبوو ئە گەر بەچەند مانگێك لەلاوە شتێكی كەمیان دەست بكەوتایە وەك یارمەتیەك نەك وەك مانگانە .

٣- بە حوكمی ئەوەی كە ك.خ.ل.ك. لە سەرەتادا قودسیەت و مەكانەتی خۆی پارست بوو واتە تارادەیەك سەربەخۆی خۆی پاراست بوو لەم روانگەوە زۆر سودی وەرگرتبوو چونكە گەورەترین ژمارەی لەدەوری كۆببۆوە هەرئەوەش بوو وای كردبوو ئەندامی

زۆربەی ڕێکخراوەکانی تر ببنە ئەندامی ك.خ.ل.ك. بەلام لە ڕوانگەیەکی تر و هەندێك جار لە هلگرتنی ئەم سەربەخۆیە توشی کێشەو گرفتوو ململانیێ زۆر دەهاتین .

٤- دانانی بارەگای جۆراو جۆر لەسنوری لق و کۆمیتەو کەرتەکان، بۆ نمونە لەناوشاری هەولێر سێ بارەگا بەناوی لق کاری دەکرد هەریەکەی لەشوێنێك.لەم سێ شوێنە هەریەك بۆ خۆی کاری دەکرد. بەلام توانیمان کۆتایی بەکێشە کە بهێنین بیکەین بەیەك بارەگا ویەك مۆرو یەك دەسەلات بارەگای سەرەکی سەرڕێگای کەرکوك شوێنی اتحاد گلبە ی کۆن بوو .

٥- لەهەندێك لەناوچەکان توشی کێشەی تر دەهاتین ئەویش ململانی ناوخۆ دەست تێومردانی هەندێك لەکادرەحیزبیە کان بۆ بەرژەوندی تایبەتی خۆیاتن .

٦- لەهەندێك شوێن ماکی ڕێکخراوەیی تێك چوو ڕاستەو خۆ ماکی حیزبی بەکارەکانیان دیار بوو کادیرێکی حزبی سەرپەرشتی یەك لەبنکەکانی ك.خ.ل.ك. دەکرد بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و سەروی خۆی دیسپلینی حزبی لەناو ڕێکخراوە کە بەکاردەهێنا ئەمەش لەزۆر بەی شوێنەکان بەزەرەرتەواو دەبوو چونکە زۆر بەی ئەندامانی ڕێکخراوی پیشەیی ناتوانن وەك ئەندامی حزبی کار بکەن ئەمەش وای دەکرد هەندێك لەئەندامان و کادیران دوور بکەنەوە .

٧- لەهەندێك لەناوچەكان بەر پرسە حزبیەكان هەوڵیان دەدا كەمسئولی كۆمەڵەی خوێندكارانیش خزمیان بێت یان یەكێكی زۆر نزیك بێت لەوان لەم ڕوانگەیەوە ئەم كێشە زۆر بەزەقی لەزۆر بەی شوێنەكان دیار بوو ئەمە هۆیەك بوو لەوهۆیانەی كەڕێگای لەچەندین كادیری بەتوانا دەگیرا كە كاری ڕێكخراوەیی نەكات .

٨- نەبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێكخراوەجیهانیەكان وەك یونسكۆ و یونسیف هەرچەندە هەوڵی بۆ درا بەڵام پشتگیری نەكرا كەكارەكەی بۆ جێبەجێ بكرێت .جگە لەم كێشانە كەباسمان كردن ئەمانە هەمووكێشەی سەرەتایی بوون نەك كێشەی مبدئی بۆیە زۆر بەی كێشەكان لەكۆتایی دا بنەبڕكران و كۆمەڵەی خوێندكارانیش بووە ڕەمزی پشتگیری ومقاوەمەت بۆ خوێندكارانی كوردستان .

(( دامەزراندنی لیژنەی باڵای خوێندكارانی كوردستان ))

ك.خ.ل.ك. هەر لەسەرەتای دورست بوونی وسەرهەڵدانی لەباشوری كوردستان بڕوای تەواوی بەڕێكخراوی سەرتاسەری خوێندكاران هەبووە وەكاریشی بۆ كرد ، ومزۆر هەوڵی دا خوێندكاران لەوپەرش و پەرتەوازەیەدا لەبۆتەی یەك ڕێكخراو دا كۆبكاتەوە .بەڵام لەباشوری كوردستان چەندین ڕێكخراو سەری هەڵدابوو كەزۆر بەیان خاوەنی نفوزێكی كەم بوون لەناو خوێندكاران وەببوە هۆی سەر لێشێواندن وبیزاری خوێندكاران وەلەناو خوێندنگا دا كێشە و مل ملانێ زۆر سەری هەڵدەدا وە كاری گەری خراپی هەبوو لەسەر ئاستی خوێندن لەناو خوێندكاراندا وە ڕێكخراوی خوێندكاری لەخوێندنگاكاندا تاكە

ئـەندامێکی نـەبوو ئەگـەر چـەند ئـەندامێکیش هەبوایـە کاریگـەری
ڕەنگدانەوەیەکی لەسـەر خوێندکـاران نـەبوو .هـەر بۆیـە (ك.خ.ل.ك.)
هەر لەسەرەتـاوە بڕوای بەم پەرش وبڵاوی‌و بێ سـەر و بـەری نـەبوو هـەر
لەسـەرەتـا وە بـانگـەوازی یـەك سەرکردایەتـی کـرد بـەلاّم بەشـی زۆری
ڕێکخراوەکـان لەبەرنـامـەو پـەیڕەوی پیشـەیی دەرچـوو بـوون و لـەژێر
تەوجهی سەرکردایەتـی حیزبیەکان کاریان دەکرد لەبەر بێـهێزی خۆیـان
و کمی نفوزیان لەنـاو جەماوەری خوێندکاراندا بۆ یـە نـە یـان بـاش بـوو
بڕیاری ڕێکخراوی سەرتـاسەری بدەن بەلاّم ك.خ.ل.ك. هەر لەسـەرەتـای
دامەزراندنیـەوە بەبـەر دەوامـی لەڕێگـەی ڕاگەیاندنـەکان بەیاننامـە ،
تەلەفزیون ، رادیـۆ و لیژنـەی خوێندکـاران بانگـەوازی بـۆ هـەڵبژاردنی
سەرتـاسەری ویەك ڕێکخراوی سەرتـاسەری دەکرد . ئەوەبوو لەسـاڵی ١٩٩٢
لـەژێر بـانگـەوازی (ك.خ.ل.ك.) وەبە پاڵە پەسـتۆیەکی زۆر تـوانـرا
دانیشتنی سەرجەم ڕێکخراوە پیشەیی یە کان ئـە نجام بدرێت ، لەشـاری
هـەولێری هۆلاکـۆ شـکێن چـەند دانیشـتنی گـەورەکرا . لـەبارەگـای
((ك.خ.ل.ك.)) و ((ی.ق.ك)) و ((ك.خ.ل.زەحمەتکێشان)) و
((ی.خ.ل. سۆسیالسـت)) ئـەوەبوو توانـرا لیژنـەی بـاڵای هاوکـاری
خوێندکـاران وقـو تـابیـان دا بمـەزرێنرێت . واتـە هـەر ڕێکخراوێـك
ئەندامێکی لە لیژنەی باڵا هـەبێت لـەم کارەشدا ((ك.خ.ل.ك.)) خـۆی
کردە قوربـانـی خوێندکـاران و ئەگـەر بـەرژەوەندی گشـتی نەبوایـە چۆن
ڕێکخراوێکی ئـاوا بەهێزی سەرتـاسـەری کەلـە٨٠٪ زیـاتری خوێندکـاران
لەدەورکۆببونەوە وەك یەك لـەم ڕێکخراوانـە بەیـەك ئـەندام لەلیژنـەی

بالا رازی دەبوو ئەوەبوو بەیاننامەی لیژنەی ڕاگەیاندن کەمژدەیەکی زۆر خۆش بوو بۆ خوێندکاران وەبارەگای لەشاری هەولێر سەر ڕێگای کەرکوك لەتەنیشت سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین دامەزراند وەمۆری تایبەتی بۆ دورست کراو لەسەرەتادا ئەندامەکانی هەموو ڕێکخراوەکانی بەشداری دانیشتن و چالاکیەکانیان دەکرد مجید هەرشەمی دەوری ئەندامی دەبینی لەم لیژنەیەو وەئێمە وەك کۆمەڵەی خوێندکاران زۆر بە پەرۆشی جێ بەجێ کردنی کارەکانی بووین بەلام هیچ لە ڕێکخراوەکان وەك ئێمە ئامادەباشی تێدا نەبوو بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکان وەپاش ماوەیەك هەندێك کێشە دورست بوو لە نێوا نمان یەك لەو کێشانە وشەی خوێندکار و وشەی قوتابی بوو . هەرچەندە لەدانیشتنەکانی ئەم لیژنەیە پاش بڕوا پێ هێنان بە یەکێتی قوتابیان توانیمان وشەی خوێندکار پێش وشەی قوتابی بخەین بەلام پاش دەرچونی بەیاننامەکەو ڕاگەیاندنی لەناو خوێندکاران ئەمە بۆ یەکێتی قوتابیان جێگای مشت ومڕ ڕەخنە گرتن بوو لەم لایەنەدا زۆر خۆیان بەدۆڕاو دەزانی بۆ یە هەر زوو بەیانانەمە یەکیان دەرکرد وەبەبێ ئاگاداری ئێمەبەتوقیعی هەموو ڕێکخراوەکان پێچەوانەی وشەی خوێندکار وشەی قوتابیان کردبوو بۆ یە هەر لەسەرەتادا ئێمە توشی زۆر کێشە هاتین بەلام بەهەر حال کێشە کانمان سوك دەکرد . هەندێك کاریشمان پێ ئەنجام دەدرا ئەوەبوو لەسالی ١٩٩٢ هەڵبژاردنی سەرتاسەری ئەنجام درا بەناوی لیژنەی بالای هاوکاری خوێندکاران وقوتابیانی کوردستان کە بەڕاستی شتێکی مێژووی بوو کەهەرگیز لەیاد

ئاكرێ ، لەسەرجەم قۆناغەكانی خوێندن - ناوەندی - دواناوەندی
ئامادەیی - پیشەیی - ئامۆژگاكان - كۆلێژەكان لەهەر چوار پارێزگ
هەولێر - سلێمانی - كەركوك - دهۆك هەڵبژاردن ئەنجام درا لیژن
بارەگای خوێندكاران و قوتابیان لەسەرجەم خوێندنگاكان و كۆلێژەك
دامەزراو وەمۆری تایبەتی بۆسەرجەم لیژنەكان جێبەجێكر
بۆماوەیەكی باش كاری پێكرا هەرچەندە كێشەی بەردەوام هەبوو بەڵ
چارەسەركردنی بەردەوامیش هەبوو .

كۆمەڵەی خوێندكاران زۆر شۆڕشگێڕانەو بوێرانە ئەو كارەی دەك
لەهەڵبژاردنیش سەركەوتنی زۆر گەورەی بەدەست هێنابوو ئەسپی خ
لەمەیدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خوێندكاران تاودابوو لیژنەی بالا ب
ماوەیەك بەرەی كوردستانی سەرپەرشتی دەكرد بەس بەناو
لەخزمەتی خوێندكاران نەبوو لەم ڕووەوە چەند كۆبوونەوەیەكم
لەگەڵ بەرەی كوردستانی ئەنجام داو یەك لەهۆڵی گەل دوو
لەبارەگای پارتی گەلی . چونكە سكرتێری پارتی گەل لەبەرە
كوردستانی سرپەرشتی ڕێكخراوە پیشەییەكانی دەكرد من دوو ج
بەشداری ئەم كۆبوونەوەم كرد كەزۆر بێ سەرو بەر بوو وەهیچ شتێك
لەبەرژەوەندی خوێندكاران تێدانەبوو بۆیە زوو لەناو ڕەوشی خەبات
خوێندكاران هەرەس هێنا .

***سەرەتای دامەزراندنی بارەگای لیژنەی خوێندکاران زانکۆی سەلاحەدین و ئامۆژگاکان :***

پاش ڕاپەڕین و سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاران کوردستان چۆن گرنگی تایبەتی بەدامەزراندنی لق و کۆمیتەو کەرتەکان دەدرا هەر بەو شێوەیەش گرنگی تایبەتی بەزانکۆی سەلاحەدین و ئامۆژگاکان درا . چونکە ئەوکات لەکوردستانی ئازادکراو تەنها یەك زانکۆ هەبوو ئەویش زانکۆی سەلاحەددین بوو . بۆ یە هەرلەسەرەتا دا بڕیاردرا کەقودسیەتی تایبەتی بەزانکۆ بدرێت بارەگاو لقی تایبەتی بۆبکرێتەوە وەلەبەرچەند هۆیەك بۆنیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ دواخرا . نەبونی بنکەی تایبەتی نەبونی نەسریەی تایبەت نەبونی کادری زۆر چالاك کەشارەزای لە بوارەکانی پیشەیی لەناو زانکۆ و خوێندکاران هەبێت ،بۆیە لیژنەی زانکۆکان تاساڵی ١٩٩٢ ڕاستەو خۆ لەژێربەڕێوەبردنی لقی هەولێر بوو وەکاری لقی هەولێر زۆر گران بوو لەبەر ئەم هۆیانە :-

١-لقی هەولێر سەرپەرشتی سەرجەم خوێندگاکانی سنوری هەولێری دەکرد .

٢-لقی هەولێر سەرپەرشتی لیژنەی خوێندکارانی زانکۆ و ئامۆژگاکانی دەکرد .

٣-لقی هەولێرسەرپەرشتی خوێندکارانی ناوچەی سۆرانی دەکرد . کەئەوکات لقی بۆدانەندرابوو.

٤-لقی هەولێرزۆربەی کارەکانی سنوری کەرکوکی لەئەستۆدابوو چونکە ئەوکات کەرکوك لقی نەبوو زۆربەی ئاوارەکانی کەرکوکیش لەسنوری هەولێربوون .

٥-لقی هەولێر هاوکاری تەواوی لقی دهۆکی دەکرد هەرچەندە دهۆك لقی بوو بەلام زۆربەی گیروگرفتەکان روبەروی لقی هەولێر دەبۆوە.

٦-کێشەو گیروگرفتەکانی لقی سلیمانیش زۆربەی بۆ لقی هەولێردەگەرایەوە بە حوکمی ئەوەی سکرتاریەتی خوێندکاران لەهەولێر بوو . بۆیە لقی هەولێر لەبەرئەم خالانە ئەرکی زۆرگرانبوو .

وەك سکرتاریەتێکی سەربەخۆ کاری دەکرد بێ هیچ کەم کوریەك هەرچەندە لەرووی پارمەتی بەقد لقی سلێمانی هەولێر هاوکاری نەدەکرا وەبەنیسبەت کادیرەکان هیچ جۆرەپارمەتیەکیان نەبوو زۆر دەگمەن بوو . ئەگەر ئاوردانەوەی بەرێز کاك کۆسرەت نەبوایە بۆی هەموکارەکان بەئیفلیجی بماباوە . چونکە هەرگیز رۆلی بەرێز کاك کۆسرەت لەیاد ناکرێ لەهاوکاری و پشتگیری سەرهەلدانی کۆمەلەی خوێندکاران ، هەق وایە لەخەباتی رەوای خوێندکاران و لەسەردەمی سەرهەلدانی کۆمەلەی خوێندکاران بۆ مێژوو ئەم راستیانە لەیاد نەکرێ.

چۆنیەتی دامەزراندنی لیژنەی خوێندکارانی کوردستان لەزانکۆ ئامۆژگاکانی شاری هەولێر .

سەرەتاو دامەزراندنی لیژنەی ( ك.خ.ل.ك ) لەزانکۆی سەلاحەددین ئامۆژگاکان چەند وردەکاریەکی مبدئی و ئەساسی دەویست جێ

لەدامەزراندنی لیژنەی خوێندکاران سەرجەم لق وکۆمیتەو کەرتەکانی
تر لەبەر چەند هۆیەکی سەرەکی :- ١- لەسەرەتای دامەزراندنی
لەزانکۆ کان توشی هەندێك کێشەی مبدئی بووین چونکە پاش ڕا پەڕین
بەشێکی زۆری خوێندکارانی عەرەب جگە لە خوێندکاران عەرەب هەندێك
لەبەعسی یە توند ڕەوەکان وهەندێك لە ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی
بەعسی یش لەکۆلیژەکان و زانکۆی سەلاحەددین مابوون بەئاگاداری
سەرکردایەتی بەعس کاریان دەکردو چاوەڕوانی گۆڕانکاری بە پەلە
بوون بۆ یە بەردەوام بوون لەکاری نهێنیو نیمچە ئاشکرا خۆیان
ومزۆریان لە خوێندکارە عەرەبەکان کاریگەری مبدئی یان لەسەر یەکتری
هەبوو وە هەوڵی ئەوەیان دەدا کەبارەگاکانی یەکێتی قوتابیانی پێشوو
لەبەر دەستی خۆیان دابێ وە لەژێر پەردەدا چاویان لە خوێندکارانی
کورد سوردەکردەوە هەڕەشەی دواڕۆژیان دەکرد من ئەوکات خوێندکاری
قۆناغی چوارەمی کۆلیژی ئەدەبیات بووم . خوێندکارانی کورد ئەوانەی
هەستی نەتەوایەتی ڕێکخراوەیان هەبوو زۆر نیگەران بوون وەهەموو
کێشەکان ڕوبەڕوی ئێمە دەبونەوە لەبەر ئەوەی من ئەوکات لێپرسراوی
خوێندکارانی هەولێر بووم وەمسئولی ڕێکخستنی حزبی بووم وەئەندامی
لیژنەی بالای خوێندکارانی کوردستان یش بووم ومزعەگشتیەکانمان
بەگشتی لەناو زانکۆ شلەژابوو بۆیە پاش کۆبوونەوەی لیژنەی بالای
خوێندکارانی کوردستان وڕێکخستنەکانی حزبی بڕیارمان دا هەرچی زووە
گۆڕانگاری بکەین لەناو زانکۆی سەلاحەددین و بەخۆ ئامادەکردنی تەواو
بڕیاری دامەزراندنی لیژنەکانمان داو بڕیاری ڕێکخراوەیی دەسەلات

دارمان دا ئەوەبوو لەبەرواری ١٩٩٢/٧/١٦ لەگەڵئەندامانی لیژنـەی ب
لـەگۆرەپانی کۆلیـژی ئـەدەبیات کۆبوونـەوەی بـەر فراوانـی سـەرج
خوێندکارا نمـان ئـە نجام داو بڕیـاری خۆمـان پیڕاگـەیان
هەرچەندمزمانی عەرەبی مان زۆر باش نەبوو بەلام بۆ ئـەوکات زۆر بـ
بوو چونکە ئێمە زۆرسوربوین لەسەر خەباتی رێکخراوەیـی وە یـەکگرت
خوێندکـارانی کوردسـتان لەیـەك رێکخـراو دا وە خوێندکـارانی
بەهەڵوێستی نەتەوەیی و زەلیل و خۆفرۆشەکان پاش ئە نجام دانـی ئ
کۆبونەوە زیاتر ساردبونەوە ترسیان لە دڵ نیشتبوو هەرچەندە ئەم س
پاش ئەم را پەرینە مێژوینەی خەڵکی کوردستان یەکێتی قوتابیانی س
بـە بـەعس دەیـان ویسـت بۆکۆتـایی سـاڵ کـارە جـێ بـە جێ کردن
خوێندکـاران بگرنـە ئەسـتۆی خۆیـان ئێمـە وەك لیژنـەی بـاڵ
خوێندکارانی کوردستان کۆتا یمان بەوکێشیە هێنـا بریارمـاندا هـەرج
زووە لیژنەی خوێندکارانی زانکۆ دابـنرێت ئـەوەبو من یەکـەم جـار ئێ
وکاری کۆلـژی ئـەدەبیاتم را پـەراند لەگـەل چـەند خوێندکارێکی خـاو
هەڵوێسـتی شـۆرش گێرانـە هەرچـەندە لـە پاك کردنـەی کۆلیژەکـان ه
ڵهاتن و دورکەوتنـەوەی گـەندە خـۆرە گـێرە شـێوەکان ئەوانـەی د
دیموکراسیەت ومافی مرۆڤ و ئازادی گەلان بوون . دامەزراندنی لیژنـ
باڵای کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بۆ یەکەم جار لەکوردساتی ئاز
ئـە نجام دراو ئەوبەرێزانـەی خـوارەوە دەوری مسئول لیژنـەو ئـەندا
چالاکیان پێبەخشرا :

١- كۆلیـژی پزیشـكی : لیژنـەی خوێندكـارانی كـۆلیـژی پزیشـكی لەسـەرەتـای دامـەزراندنی ك.خ.ك لـەم بەڕێزانـەی خـوارەوە پێكهاتبوو : - تەلار سلیمان .شـاخەوان هەولێری محمد عوسمان هەولێری .
٢- لیژنـەی كۆلیـژی مـاف : .هیمـداد مجیـد علـی .ئومێـد شـەنگاری .شڤاعبدالحكیم دهوكی شڤان رەمەزان دهوكـی .صـالح عبدالرحمن كفـری .رشید محمد سلیمانی .بەیان عبدالله عسكری .شـەونم عبدالله عسكری صالح اكرم رەواندزی .
٣- كۆلیژی ئەندازیاری : محمد فقی خۆشناو .شەماڵ قـادر لـەك .وریـا مەلاقادر خۆشناو .بـەختیار سلیمانی .ئەبـەز ئەسعەد دەرگەلـەیی كۆچەر صالح .ابتسام محمد تـاهر.
١- نـاوەكەی كۆتـایی ئەندام لیژنەنەبوون ، بەڵكو ئەندامی چالاك بوون .
٤- كۆلیژی زانیاری :-ماكۆك محمد .جـهاد كۆیـی، ئـارام حوێـز .شیرن رەواندزی .كۆلیژی پەروەردە :
مزەفـەر بابـەصالح شـێخانی .خـەتاب شـێخانی .اسمـاعیل خەلیفانی . لەیلا صابر . مكائل عباس لەشكری.
٥- كۆلیژی ئەدەبیات : عباس مستەفا قەسـرێ .رفیق كـاولانی .حمید قادر .شیلان جلال دەرگەلەیی .صـالح پشـدەری .ابوبكـر پشـدەری .جگـە لەمانە چەند ئەندامێكی دڵسۆز كاریـان دەكـرد :- وەك .سەورومر حسن

.کاسترۆ سلیمانی .فتاح چۆمانی .خالد فارس حاجیاوەیی .رزگار عمر .مزەفەر چوار قورنەیی .سلیم حمد.

٦-کۆلیژی بەڕیوەبردن و ئابووری .ابراهیم عمریوسف .ستران عبدالله کەرکوکی .

سەروەت سلێمانی .دلشاد حمید هەولیری .جمیل ابو بکر هەولێری.فؤاد عمر فتح الله .

٧-کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی .کارزان وەهاب حکیم کۆیی و چەند خوێندکارێکی تر .

لیژنەی پەیمانگاکان لەسەرتای دامەزراندنی لەسالّی ١٩٩١

پەیمانگای پزیشکی : سالم تەها بیرەباتی .عبدالمتەلب ابراهیم پیرزینی .دلشاد مەعروف هەولیری .فێنك حاجی مەلا کۆیی .عونی علی .سەیران عبدالواحد . محمد جوکل هەولێری .فەریدە هەولیری .نەرۆ شەناغەیی .

پەیمانگای تەکنیکی :ابراهیم فارس بالیانی .عبدالقادر ئەسعەد رەواندزی و چەند خوێندکارێکی تر .

١- پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی کچان .لانەعبداللە رشید .ریزان عبدالصمد .رۆژان علی . پەیمانگای مەلبەندی مامۆستایان . محمد رسول رەواندزی .حسن مەزن .سەفین مستەفا کۆیی . پاکزە احمد هەولیری‌چەندخوێندکارێکی تر .

٥-پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی کوران : پێشەوا شەمس الدین تەق تەقی .شێروان هەولێری.

دامەزراندنی لقی زانكۆی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان
جیابوونەوەی لەلقیهەولێری كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان .

هەروەك باسمان كرد سەرەتای دامەزراندنی كۆمەڵەی خوێندكاران ولاوانی كوردستان لە سەرەتادا توشی گەلێك كێشەو گیرو گرفت دەهاتین سەبارەت بەگەلێك هۆكاری سەرەكی وەسەرجەم خوێندكارانی باشوری كوردستان بەهەر چوار پارێزگاوە ( كەركوك ، سلێمانی ، هەولێر ، دهۆك ) لەسێ لق دا كۆكرابونەوە . هەرلقێكیش ئەوسا ئەركی شەورۆیژیان پێكە وەگرێ دەدا بۆ را پەڕاندنی كارەكانیان بەبێ هیچ پاداشتێك بۆ یە لەساڵی ١٩٩٢ بڕیارمان دا چەند لقێك زیاد بكەین وەك لقی زانكۆ - لقی سۆران - لقی كەركوك - لقی پشدەر ومدانانی كۆمیتەیەك یا لقێك بۆ خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی پاش گەڕانەوەی خوێندكارانیزانكۆی سلێمانیبۆ سلێمانی هەرچەندە بڕیاردانی كارێكی وائاسان نییە بەلام دڵسۆزی و خوێنگەرمی وای كردبوو نەهەست بەماندوو بوون بكەین نەهەست بەئێش و ئازایش بكەین هەر چەندە لەجێ بەجێ كردنی كارەكانیشمان زۆر كات توشی كێشەی زۆر دەهاتین ئەوە بوو لەهاوینی ساڵی ١٩٩٢ لقی زانكۆی هەولێرمان جیاكردەوە لە لقی هەولێر . وە بۆ یەكەم جار بۆ چەسپاندنی سەرپەرشتیم دەكرد وە هەموو مسئولی لیژنەكانمان بەئەندام لق دانا . وەپاش من ئەوكارەبەشفیقی حاجی خدر سپێردرا وە هەر لەهەمان ساڵ پاشگەرانەوەی خوێندكارانی سلێمانی بۆ سلێمانی بڕیاری كردنەوەی لق یان كۆمیتەمان دا .ئەوبوو بەنوێنەری مكتبی سكرتاریەت سەردانی

سلێمانی مان کرد کە پێك هاتبوین لە( مهدی احمد ئامێدی ) وەخۆش
نوێنەر بووم کۆبوونەوەیەکی فراوا نمان لەگەڵ کادیرانی کۆمەڵ
خوێندکاران کرد وەبڕیاری کۆمیتەی زانکۆ درا هەرچەندە لەشا
سلێمانی هیچ کێشەیەکمان نەبوو چونکە دوو ئەندامی دەست
دامەزرێنەری زۆر بەهێزیان هەبوو کەبەڕێزان کمال فنان و زانا محم
بوون کە پاشان هەردووکیان پلەی باشیان لەسکرتاریەت وەرگرت . ئ
دوو کادرە تێکۆشەرە هەقە لە بزاڤی خەباتی خوێندکاران لەی
نەکرێتن چونکە بەراستی زۆریان ئازارو ماندوو بوون دیت لەسەرەت
دورست بوونی کۆمەڵەی خوێندکاران کوردستان .وەبەنسەت لقی سۆران
خوێندکارانی لەناوچەی سۆران هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەدەی
کادیری تێکۆشەرەوە بەشداری سەرهەڵدان وناساندنی ئەم ڕێکخر
ەویان کرد وەك ( رزگارشێرکۆ ، نەجات ڕۆستی، علی سۆرانی اسماع
خەلیفانی ) وەدەیان کادیری تر بۆیە خوێندکاران لەناوچەی سۆر
رەمزو داینەمۆی ئەم ڕێکخراو ەبوون بەشی هەرە زۆری واتە ٩٠
خوێندکاران ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکاران بوون . بۆیە دانانی لق
سۆران لەبەر چەند خاڵێکی گرنگ ئەهمیەتی تایبەتی خۆی هەیە :
یەکەم : - ناوچەی سۆران پشت و پەنای کۆمەڵەی خوێندکاران بوو
هەر لەسەرەتای دامەزراندنی تا سەر هەڵدانی وەخوێندکارانی ئ
ناوچەیە بەشی هەرە زۆری ئەندامی کۆمەڵە بوون

دووەم :- دووری هاموشۆ کردنیان بۆشاری هەولێر چونکە خوێندکاران خۆیان توێژێکی بێهێزن لە روی ئیمکانیەت ونەیان دەتوانی بەردەوام هاموشۆی هەولێر بکەن .

سێیەم : - سنوری جوگرافی شوێنێکی تەماس بوو چونکە بارەگای زۆر حزبی لێکۆ کرابۆوە کەدژ بەرێبازە پیرۆزەکەی کۆمەڵی خوێندکاران بوون .

چوارەم : خوالێخۆش بوو شەهیدی سەرکردە حسن کویستانی ، ئازاد جوندیانی کەیەکەم کۆبوونەوەیکۆمەڵەی خوێندکارانی لەشەقڵاوە ئونجام مدا . لەساڵی ١٩٩١ پێش شەهید بوونی پێی زەروری بوو کەناوچەی سۆران لق وبارەگای تایبەتی هەبێ ئەوخاڵانەی کە باسمان کردن لەگەڵ گەلێك هۆکاری تر سەردانی ناوچەی سۆران بکەین لەناوەراستی ساڵی ١٩٩٢ لقی سۆران پێکبهێنین وە علی سۆرانی وەك مسئولی لق هەڵبژێردرا وە هەڤاڵان نجاە رۆستی ومامۆستا صادق و گەلێك هەڤاڵی تر دەوری سەرەکیان لەولقە گێرا وەسەرکەوتنی گورەیان بەدەست هێنا .

لەبەرنامەی دورو نزیکماندا هەبوو کەکۆمیتەی کۆیەی ك.خ.ك ببێت بەلقی سەربەخۆ هەرچەندە لەبەرواری ١٩٩٢/٣/١٧ دەستەی سکرتاریەتی ك.خ.ك سەردانی بەرێز مام جلال مان کرد لەبارەگای مکتبی سیاسی من وەك نوێنەری پارێزگای هەولێر دەبوایە داواکاریەکانی خوێندکاران بگەیەنینە شوێنی مەبەست ئەوەبوو زەرورەتی بوونی کۆیە بۆ لقی خوێندکاران راگەیاندرا بەبەرێز مام جلال

بەلاَم لەبەر چەند هۆیەك پاشان دواخرا . لێرەشدا دو پاتی دەكەمەوە كە حەقی لقی سەربەخۆی هەیە چونكە خوێندكارانی كۆیە بەكۆی گشتی لەخزمەتی كۆمەڵەی خوێندكاران دایە لەم سالاَنەكۆیەبوویەلق.وەلەسنوری لقی كەركوكیش نابێ ڕۆڵی بەرچاوی شەقالاَن ئاكۆ سالەیی و جەزا سالەیی و عارف قوربانی و تاهر چەمچەماڵی و نورالدین كەركوكی لەیاد بكرێ هەر لەدامەزراندنەوە تادوروست بوونی كۆمیتەو لق و جێ بەجێ كردنی كارەكان وەدەیان چالاكی جۆراوجۆریان .سەبارەت بەهەیكەلی ڕێكخستنەكانی ناو خوێندكاران هەرناوچە بەگوێرەی ژمارەی خوێندكاران ناوێكی لێنرابوو وەك (( لق،كۆمیتە ، كەرت ، لیژنە )) كەلقەكانی لەسنوری پارێزگابوون وەهەمووچالاكیەكانیش بۆسەرەوەی لق دەگەرایەوە دەسەلاَتی كۆمیتەكانیش لەسنورری قەزایەك بوو وەدەسەلاَتی هەبوویەسەرسەرجەم لیژنەو كەرتەكان وەچالاكی كەرتولیژنەكان بۆ كۆمیتە دەگەرایەوە وەدەسەلاَتی كەرتیش لە سنوری ناحیە یان ئۆردوگایەك بوو وەدەسەلاَتی تەواوی هەبوویەسەر لیژنەی سەرجەم خوێندنگاكان لەسنوری دەسەلاَتی خۆیوەدەسەلاَتی لیژنەش لە خوێندنگایەك یان ئامۆژگایەك یان كۆلیژێك یان ئامادەیەك وەدەسەلاَتی تەواوی هەبوو لەبواری

چالاكی یە جۆربەجۆرەكان . هەرچەندە لەسەرەتادا زۆربڕیادەدرا لەسەر هەیكەلی ڕكخستنەكان لەجیاتی لق مەلبەندیان لەجیاتی كۆمیتە

ناوچە بەلام بەزۆرینەی دەنگ بریاردرا کەکارەکانیان بەوشێوەی سەرەوە بکرێ کەباس کران.

(سەرکردەو کادیرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)

چ ئەوانەی لەکۆری خەبات دان چ ئەوانەی گیانی خۆیان کردە ئەورێگا پیرۆزە:

١-دکتۆر کەمال فوئاد ، عصمەت شریف وانلی ، دارا ،توفیق ، نوزاد موفتی جگە لە دەیان و سەدان کادیر کە هەندێکیان ماون و هەند یێکیان بوونە قۆچی قوربانی ئەم رێگایە .

- ناوی تەواوی ئەو کادیرانەی ك.خ.ك. لەباشوری کوردستان لەکاتی دامەزراندنی دا .

١- لە پاریزگای دهۆك : ئاشور عبدالله جمعه ، مهدی احمد ئامێدی .

٢- لە پارێزگای هەولێر : کیفی عبدالله فتح الله ، مجید هەرشەمی .

٣- لە پارێزگای سلێمانی : کمال فنان ، زانا محمود .

٤- لە پارێزگایکەرکوك : ئاکۆ سالەیی ، جەزا سالەیی بەلام کۆبوونەوەکان کۆتایان نەهات کاروانەکەیان کۆتایی پێهات وە چەند ئەندامێکی تر ئەم بۆشایەیان پرکردەوە وەك : عارف قوربانی ، نورالدین کەرکوکی و تاهر چەمچەمالی ،لەسەرەتای دامەزراندن بەشداریان کرد بەلام وەك دەستەی دامەزرینەر بەشداریان نەکرد .

٥- حەوزی سۆران : ڕزگار شێرکۆ و چەند کادیرێکی تر لەسەرەتادا بەشداریان کرد وەك علی حسین ، نجاە رۆستی ، ئەمەشناوی بەشێك لەوئەندام و کادیرانەیە کە لە پاش دامەزراندنی ك.خ.ك راستەو خۆ پەیوەندیان بەسنوری لقی هەولێر کرد ،زۆر بەشیان دەوری بەرپرسیارەتی باشیان وەرگرت خزمەتێکی گەورەیان بەکۆمەڵە گەیاند ، شاسوار ، هاوار حاجی کۆیی ،ابراهیم عمر یوسف ، سالم تەها بیرەباتی ، ابراهیم فارس ،رقیق عوسمان کاولانی ، ئەمیر نامق شێروانی ، صالح کلێسەیی ، شیلان جلال دەرگەڵەیی ، صمد محمد حسین ، مهاباد قادر کۆیی ، ماکۆك محمد ، دلشاد عبدالله فتح الله ، خلیل عوسمان ، دلزار ئەسعەد ، دێدەوان سید محمد ، عباس فتاح ، هیوا حمید ، دارا محمد ، عبدالله دەربەندی ، محمد فەقێ وریا مەلا قادر ، صلاح ، کاروان هەولێری ، کامەران هەولێری ، دلشاد حمید ، جمیل ابو بکر ، شهاب عبدالوهاب ، دلێر اسعد ، کارزان وهاب حکیم ، پێشەواشمس الدین ، ئازاد صدیق ، شێرزاد کمال ، نورالدین بیرەباتی ، هیمداد مجیدعلی ، نەوزاد رسول ، رێبوار مجید ، بەڵێن قادر ، سامان جلال ، زانا زرار، فاخر محمد، شەهید مزەفەر خەزنەیی ، داهێن هاشم ، مسعود قادر ، شمال قادر ، رقیب ، عوسمان محمود، سبور عوسمان ، تەیمور احمد ، عدنان کانەبی سلیم کریم ، زمید عوسمان ،

رسول بكر ، ميكائيل عباس ، امير عبدالله فتح ا ـه . هێمن قاسم بايز ، عبدالخالق هەرشەمی ، تحسين ـەرشەمی ، حسێن هەولێری ، سەلام قەراجی ئاكۆ ، سـ ـعيد .فاخر شريف ، خدر عبدالله كسنەزانی ، فەريدە مستەفا ، رەنج جعفر هەولێری ، ناززم كەركوكی، خسرەو حسێن ،سيروان هەولێری‌لەكەرتی تەق تەق ، نازم حمدامين ، ستار علی ، هێرش انور ، ئامانج غريب ، هێرش باوەدين ، هێرش ناصح،فهمی رشيد ،وەزۆر لەوكاديرانە لەكەرتی تەق تەق كاری كۆمەڵەيان هەڵدەسوراند لەسەرەتای دامەزراندنی لەتەق تەق ، دڵسۆز محمد ، كيفی مجيد ، عمر نورەدين ، ئەمانەكاديری كۆمەڵە بوون لە بنەصلاوە .

كاديرانی سەرەتايی حەوزی سۆران :-

نجاه رۆستی ، مامۆستا صادق ، شفيق حاجی خدر . رابەر چۆمانی ، صديق چۆمانی ، وريا عبدالله پەرچەم ، سلام مرادی ، مامۆستا عمر ، حسن مەزن ، ئومێد مستەفا ، بلال مەصيفی ، لقمان حاجی حەريری ، سامان حمد شەقلاوەيی .

لەحەوزی پشدەر :- صالح پشدەری ، ابو بكر پشدەری ، خالد فارس حاجياوەيی . مزوفەر چوار قورنەيی ، رزگار رانيەيی . صالح عوسمان ، لەسلێمانی :- زانا محمود ، لەتيف عمر ، بەهار حمد مستەفا ، رزگار ، جلال ، دلێر ، كەيوان ئازاد .كاسترۆ سلێمانی ، والی علی عارف هەڵەبجەيی ، بەختيار ابراهيم ، بەيان سلێمانی ، رۆوف حسن مەمەند

، مەریوان حەمە غریب ، شازاد عبدالکریم ، علی مستەفا ، روخۆش معروف ، شەهلا سلێمانی .

لەکەرکوک :- نورەدین وتاهیر کەهەردووکیان بوونە ئەندامی سکرتاریەت ، پاشان عارف قوربانی ، جەزا سالەیی ، ناجی کەرکوکی ، نازم کەرکوکی ،دەوری بەر چاویان هەبوو لەکاتی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاران لەناوچەی کەرکوک ،

لەدهۆك :- اسماعیل رێکانی ، جودت بادینی ، ستار بادینی ، خالید بادینی ، جگە لەبنەماڵەی مهدی ئامێدی کەهەموویان هاوکاریان دەکردین .

لەکۆیە : - دلشاد عبداللە فتح اللە لەسەرەتای دامەزراندن بۆ ماوەی چەند ساڵێك سەرپەرشتی خوێندکارانی دەکرد ، مسعود قادر ، عباس فتاح ، ژیان فازل ،مهاباد ئازاد ، جیهان مجید میرخان، سروە یونس ، رێزان صلاح ، هێور ئەکرەم ،نیگار حمد ، ئاسۆ کاکە رەش ، امیر احمد ، یادگار عبداللە ، ئیدریس ، ئاری ، سەرکەوت رسول ، ئەوانەندامانەی کەگەیشتنە پلەی سکرتاریەت: چەند ئەندامێکی تر پەیدابوون بەهۆی یەکگرتنەوە وەك : حسێن پشدەری لەرێگەی یەکگرتنەوەی ئالای شۆرش وە عباس و فوئاد لەرێگەی سۆسیالستەوە .کاروانی کۆمەڵەی خوێندکاران کاروانێکی پڕ لوکێشەو ئالۆزە هەر لەم کاروانە دا چەندان کەس جێی هێشت و چەندان ئەویان جێهێشت جگە لەمانە چەندین کەس بوونە لاوو چوونە ریزی هێزی پیشمەرگەی کوردستان ، بوونە قۆچی قوربانی ئەم رێگایە پیرۆزە .لەسەروی هەمووشیانەوە ئاشور عبداللە

پاش دابرانی لە خوێندکاران گەیشتە پلەی کارگێڕی مەڵبەند و بێ سەرو شوێن کراوە .

هەرلەسەر دەستی ئەم ڕێکخراوە چەندین کادیری جۆراوجۆر پێگەیشت کە چ لەریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چ لەدام و دەزگاکانی حکومەتی کارو پلەی باشیان پێسپێردراوە .

*(( لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاران ولاوانی‌کوردستان ))*

لاوان بۆ لەخوێندکاران جیا نەبوونەوە :-

لاوان لە خوێندکاران جیا نەکرانەوە هەرچەندە لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە زۆر مشت مڕی ئەوەکرا کە خوێندکاران ولاوان لێك جیابکرێنەوە وەبەلام جیانەکرایەوە هەرچەندە لە پەرتەوازەی سەرەتای دامەزراندنی هەندێك ناوچە بەناوی کۆمەڵەی خوێندکاران بوو وە لەهەندێ‌ناوچەش بەناوی کۆمەڵەی خوێندکاران ولاوانی کوردستان کاری دەکرد بەلام لە لیژنەی تحضیری بڕیاردرا لاوان و خوێندکاران بەیەکەوە لەناو یەك ڕێکخراو ئیش بکەن ئەوەش لەبەر چەند خاڵێك بوو : -

١- لەڕووی ئابوری : داهاتی ڕێکخراوەیی ئەم ئمکانیەتە نەبوو ئەو لێك جیابوونەوە بکرێت ، لەبەر ئەوە پێداویستی ب[illegible]گاکان وکادیرەکان ئیمکانیەتی زۆری دەویست لەتوانا دا نەبووکەکاری جیابوونەوەی بۆ بکرێت .

٢- لەڕوی کادیری پیشەیی کەمی کادیری پیشەیی لەناولاوان کەبتوانن کارەکان وەك پێویست ئەنجام بدەن وەقەبارەو کیانیکی وەك پێویست دا بمەزرێنن .

٣- لەڕووی فەن و تاکتیك جێ‌بی‌جێ‌کردن لێگ جیابوونەوە هەندێك وردەکاری دەویست کەلەو کاتە لەتوانا دا نەبوو جێ‌بەجێ بکرێت .

٤- زۆر لەلاوەکان پێ یان باش بوو لەگەڵ خوێندکاران جیانەبنەوە لەبەر هەندێك هۆ دیارە ڕێکخراوی خوێندکاران ناسکترو کاریگەر ترن وەلەلایەکی تریشەوە نیشانەی خۆ بەدیارخستن زیاتر لەناو خوێندکاران دەدرەوشایەوە .

٥- خاڵی سەرەکی جیا نەبوونەوەی لاوان لە خوێندکاران دەگەڕێتەوە بۆ خالێکی گرنگ ئەویش ئەوەبوو دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی خوێندکاران ولاوان بەشی هەرە زۆری لاو بوون و خوێندیان تەواو کردبوو ومزیاتر لەدوو ساڵ پەیڕەوی خوێندکاران وا بڕیار بوو هەر خوێندکارێك پاش تەواوکردنی بۆ ماوەی دووساڵ دەتوانێ کار لە ڕێکخراوەکەدا بکات ، بەلام دەستەی دامەزرێنەر جگە لەچەند کادیرێك ئەوی تر هەموو لاو بوون ، بۆیە پێیان باش بوو لاوان و خوێندکاران بەیەکەوە کاربکەن ئەگەر بەو شێوەیە نەبوایە زۆربەی کادیرانی دەستەی دامەزرێنەر نەیان دەتوانی لەناو ڕێکخراوی خوێندکاران دەسەلات وەرگرن ئەمەخاڵی سەرەکی بوو بۆ لێك جیا نەبوونەوە. هەرچەندە لەسەرەتای دامەزراندنی ك.خ.ل.ك گرنگی و ئەهمیەتی تایبەتی بە خوێندکاران دەدرا چونکە ژمارەی

خوێندکاران ، کاری خوێندکاران، ناوی رێکخرا... ...ـەتی مەحەکی بوو بۆ خوێندکاران .بەلام لاوان بەوپەڕی د... ...ـوزیەوە کاری بۆ دەکرا فەرامۆش نەکرابوو . هەرچەندە بارەگا... ...ـەرەکی نەبوو ئیمکانیەتی باش نەبوو بەلام کاری جدی و عەمەلی بۆ دەکرا و گەلێك چالاکی گرنگی ئەنجام داو ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ساڵانی (( ١٩٩١، ١٩٩٢، ١٩٩٣ )) هەر لەسەرەتای دامەزراندنی یەوە گەلێك کاری بۆ کرا و کادیری باشی بۆ تەرخان کرا .ئێمەش لێرەدا باسی هەندێك لەچالاکیەکانی لاوان دەکەین لەساڵی ١٩٩١ سەرەتای دامەزراندن .

١- لاوان بەشداری تەواویان کرد لە مناگرتنەکەی ساڵی ١٩٩٢ .
٢- بەشداری تەواویان کرد لەهەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢.
٣- بەشداری تەواویان کرد لەخۆپیشاندان و ڕێپیرانە هێمنانەکەی ١٩٩١/٧/١٧ .
٤- هەرلاوان بوو لەزۆر شوێن وناوچەکانیش سەرپەرشتی لیژنەو کەرت و کۆمیتەو لقەکانی خوێندکارانیان دەکرد . هەرئەوهۆیانەش بوو ن وای کرد کە سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لەسەرەتای دامەزراندنی گرنگی تەواوی پێ بدات ، هەربۆ یەبڕیاردرا کە چەندین شوێنی کارکردن وتیپی میللی و پیشەیی بۆیان دا بمزرێندرێت ، ئەمەش ناوی هەندێك لەوتیپ و چالاکیانەلە پارێزگای هەولێر : -

١- دۆزینەوەو بەگرێ دانیهەندێك دوكان لە هەولێر / لەعنكاوە كە بەتایبەت بەلاوان بوون و بەكارهێنانی بۆ چالاكی لاوان بوو .

٢- دامەزراندنی تیپی شانۆی زانكۆ لەكۆیە / كەلەشاری هەولێری ك.خ.ك سەرپەرشتی دەكرد . لەشاری كۆیە دەیان لاو چالاكیان تێدا ئەنجام دەدا كەخۆی لەخۆی دا ڕەمزی لاوان بوو لەشاری كۆیە وهەولێر كە ڕاستەوخۆ كیفی احمد ، جبرائیل ، محی الدین رمزا ، حاجی تورە ، عبدالخالق ، سەركەوت جمال ، ئازاد فقی سلیم ، و چەند لاوێكی تر سەرپەرشتی دەكرد ،

٣- تیپی شەهید ابراهیم عزۆ لەشاری هەولێر / زیاتر لەسەدان لاو لەدەوری كۆببوونەوە دەیان چالاكی جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا ، فازل عبداللە ، و لەلایەن چەند لاوێكی تر سەرپەرشتی دەكرا .

٤- تیپی شەهید بكر سلیمان لەشاری هەولێر / كە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری لقی هەولێری ك.خ.ك. بوو سەرپەرشتیاری تیپەكە شەهید احمد عبدالوهاب، بەندی عمر ، حكیم قادر ، مزەفەرحمدامین ، یوسف صالح ، .

٥- تیپی هیوا / كەڕاستەوخۆ كاك لشكر ابراهیم سەرپەرشتی دەكرد كەچەندین چالاكی جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا .

٦- تیپی شوهید عبدالرزاق لەشاری هەولێر / كەیەكێك بوو لەتیپە چالاكەكان شوێنی بارەگای لقی هەولێر ، كەڕاستەوخۆ لەلایەن شاخەوان محمد ، نورەدین بیرەباتی ، ستار حمدامین ، قارەمان لشكر، تارق توفیق ،بوو سەرپەرشتیان دەكرا .

٧- تیپی فرمێسك / تیپێكی چالاك بوو لەكوران كەمامۆستا ئاكۆ حمد، جەوهەر ، عوسمان كاریتانی سەرپەرشتیان دەكرد .
٨- تیپی شەهید وشیار لەشاری هەولێر / یەكێك بوو لەتیپە چالاكەكان وبارەگا كەی بنكەی كاركردن : گەڕەكەكانی باداوە بنكەی حەوانەوە هۆڵی لقی هەولێری خوێندكاران ولاوان كە هێمن قاسم سەرپەرشتی دەكرد .
٩- تیپی شەهید شهریار / كەهەندێك لە خوێندكاران ولاوانی كۆیە لەشاری هەولێر چالاكیان بەناوی ئەم تیپە بەڕێوە دەبرد كە رەنج حمد قادر سەرپەرشتی دەكرد .
١٠- دامەزراندنی تیپی هونەرمەندان كەڕاستەوخۆ هەڤاڵ هەولێری سەرپەرشتی دەكرد لەشاری هەولێر.
١١- هەرلەساڵی ١٩٩١ هەرچەندە لەزۆر بواری پیشەیی وەك پێویست شارەزای جێبەجێ كردنیكارەكان نەبووین هەرلەوساڵەتوانی مان ئیجازەی تایبەت بدەین بەسەرجەم خاوەن بلیاردو گۆڕەپانە تایبەتەكان دوكانە تایبەتەكان .
١٢- سەرجەم تیپە ومرزشەكان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ئێمە بوو بۆ دانانی كادیری بەتوانا بەبڕیاری لق بوو .
١٣- جێ بەجێ كردنی هیچ چالاكیەك بەبریاری لق نەبوایە دەكرا .
١٤- ڕاستەوخۆ لقی هەولێری ك.خ.ك. سەرپەرشتی لیژنەی ئۆلمپی هەولێری دمكرد بۆ ماوەیەك .
١٥- لەوكاتەدا لاوان ئامادەبوون ببنە هێزێكی كاریگەر بۆ پاراستنی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەلە بەرنامەشیان داهەبوو كەكارێكی

وەها بکەین کەلاوانی هەولێر جێ پەنجەیان دیاربێت لەگۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی دا .

١٦-دامەزراندنی تیپی شانۆی خوێندکاران لەشاری کۆیە کەڕاستەوخۆ چەند خوێندکارێك سەرپەرشتی دەکرد وەك هێمن حمید ، مهداوی رۆوف ایلنجاغی ، محمد قادر ، حەفتانە لەبەرنامەی خوێندکاران لەتەلەفزیۆنی کۆیە بەرنامەی کاریکاتێریان ئامادە دەکردکەباسی لە کێشەو گرفتەکانی خوێندکاران دەکرد .

لەکۆتایی دائەوەی جێی مەبەستە بگوترێت ، من بەهۆی نەنووسینەوەی رۆژانە کارەکانم ونەبوونی زۆر پەرەگرافی ژیانی بزوتنەوەی خوێندکاران و لەناوچوونی هەندێکیان لەم دوا گۆرانانەی لەناوچەکەماندا روی داهەرتوانیومە ئەوراستیانە دەستکەنەبکەم و بیانخەمە بەر رۆشنایی لەگەڵ داوای لێبوردن لەوهەڤال وخوێندکارولاوانەکە ناویانم لەیاد کردوون و ناویان نەهاتووە .. وەهیچ کارێکی ئاواش لەیەك رووەوە ناتوانرێ بەکارێکی تەواو سەرکەوتوو دابنرێت ، هیوادارم ئەوچەند دێرەی من ببێتە رێگەخۆشکەر و بەدوا داهێنی زیاتری ئەو زانیاریانەی کەلەلایەن ئەو هەڤالانەوە هەیە رۆژێك لەرۆژان لەنێو ئەو بزاڤە روناکبیری و دیموکراسی و پیشەیە کاریان کردووە و رۆڵیان هەبووە ، بۆیە هەر لەسەرەتاوە بەگیانێکی کراوە هەموو ئەم کەم و کوریانە تیای دا دەردەکەوێت بۆ م راست بکەنەوە سەرنج و تێبینی دروست بەرێزەوە وەردەگرم .

﴿ هەرشاد بن ﴾

*نووسەر کیفی عبدالله فتح الله*

## ((سەرچاوەو پەراوێزەکان))

١- العراق بين العهدين : ياسين الهاشمي وبكر صدقي . حازم المفتي . دكتور عماد عبدالسلام .
٢- التطورات السياسية في العراق : رسالة ماجستير لاستاذ جعفر عباس حميدي .
٣- الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف القرن ١٩٠٨ /١٩٥٨ . د. عبدالستار طاهر شريف . بغداد ١٩٨٩ .
٤- تاسيس جيش العراق تطوره ودوره السياسي من ١٩٢١ -١٩٤١ . د. رجاء الحسيني .
٥- تاريخ الوزارات العراقية - عبدالرزاق الحسيني جلد ٣-٤ .
٦- العراق في الوثائق البريطانية سنة ١٩٣٦ .

### زمانی کوردی

١- محمد عبدالله کاکە سور : ڕۆڵی سیاسی وکەلتوری ئەفسەرانی کورد لەبزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشور ١٩٢١- ١٩٤٥ .
٢- وریاسعید : گۆڤاری کازیوە دیدار ژمارە (٣) ١٩٩٣ .
٣- کازێوە : گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ژمارە ٧-٨- ١٩٩٣ .
٤- ڕزگاری : گۆڤاری ژمارە (٦) ساڵی (١) تەموزی ١٩٩٦ .

٥- باهۆز : ڤیستڤاله جیهانیەکانی ڕێکخراوە خوێندکاریەکان
لەئەوروپا .
٦- نورالدین کەرکوکی : زایەڵە ((کورتەیەك لەمێژووی بزاڤی
خوێندکاران لەکوردستان )) .
٧- خلیل عبدالله : کوردستان و ئەزمونی دەسەلاتی سێ حکومەت .
٨- پێشڕەو ئەحمەد : شەمەندەفەری خوێندکاران
وکورتەلێکۆڵینەوەیەك شوباتی ٢٠٠٠ .
٩- کاوە فەریق ئەحمەد : برایەتی ژمارە ١٨٣،١٨٢، ( ئەدەب وهونەر
) ئەمارەتی بادینان .
١٠- کوردستانی نوێ ژمارە ٢١٣٤ – ٢٠٠٠/٥/١ .
١١- خاك : ژمارە ١٣ ساڵی دووەم
١٢- خاك: ژمارە ١٢ ساڵی یەکەم .
١٣- خاك: ژمارە ١٤ ساڵی دووەم .
١٤- کۆبوونەوەی بەڕێزمام جلال لەگەڵ (ك.خ.ل.ك. ) لە ١٩٩٣/١٠/١٥
١٥- درك كینان : کوردو کوردستان وەرگێر ئەبوبەکر خۆشناو .
١٦- عبدالعزیز یاملکی : کوردستان و ڕا پەرینەکانی کورد :-وەرگێر
شێرزاد کریم /٢٠٠٠ .
١٧- م. رسول هاوار ، کوردو باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووە.
بەرگی یەکەم ٢٠٠٠ .
١٨- د. کمال مەزهەر : چەند لا پەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد .

*((چاوپێکەوتن و دیدار))*

١) سامی قادر : کادیری سەرەتایی یەکێتی خوێندکاران کوردستان

٢) نقیب سمکۆ سکرتێری یەکێتی خوێندکاران سالی ١٩٨٤-١٩٨٦ .

أ- مامۆستای خوالێخۆشبوو مجید شیخ نوری روناکبیرو مێژوو نووس .

ب- ئازاد مەلا علی کادیرو شارەزا لەبواری رێکخراوەیی .

ج- مەجید هەرشەمی : کادیری یەکێتی خوێندکارانی کوردستان لەسالانی هەشتا کانو کادیری سەرەتایی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان .

٤-نووسەری ئەم پەرتوکە - ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ( ك.خ.ل.ك. ) ئەندامی یەکێتی خوێندکارانی کوردستان لەسالانی هەشتاکان .جگە لەوبەرێزانەی کەناوم هێناون دەمەتەقێ و گفت و گۆش لەگەڵ چەندین لە کادیران وشارەزایانی بواری خوێندکاری رێکخراوەکان و ی. ق، / ی.گ . ق . ع / ی. خ. ك. / ك.خ. ل. ك. کراوە. کورتەیەك لەمێژووی بزوتنەوەی خویندکاران

نوسینی /کیفی عبدالله فتح لله

ساڵی ٢٧٠٢ ی کوردی بەرامبەر ٢٠٠٢ زاینی

تیراژ ٢٠٠

کۆمپیوتەری سەنەری چالاکیە رۆشنبیریەکانی هاموون لە کۆیە

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی

سەنەری چالاکیە رۆشنبیریەکانی هاموون لە کۆیە